# هەنسکی مەرگ

## دیدەن سەید برایم

شیعر

2025

ناوی کتێب: هەنسکی مەرگ.
بابەت: شیعر.
نووسینی: دیدەن سەید برایم.
پێداچوونەوەی: د.هاوژین صلیوە.
تایپ: سەرمەد سەڵاح سابیر.
دیزاینی ناوەڕۆک و بەرگ: شیاو سەرتیپ.
تیراژ:500 دانە.
چاپ: چاپخانەی کارۆ.

# پێشەکی

**د. هاوژین صلیوە**

شیعر هەست کردنە بە دەورووبەر، نووسینی ئەو شتانەیە کە مرۆڤی هەست ناسك زیاتر درکیان پێدەکات. ئەو حەزدەکات هەستە پاکەکانی خۆی بنووسێتەوە، بەڵام دەبێ ئەو هەستە پاکە تێکەڵی ئەزموونی خوێندنەوە بێ، ئەوەی دەیبینم زیاتر تێکەڵی ئەزموونی خودی بووە، ئەزموونی خودی ئەوکاتە سەردەکات کە تێکەڵی ئەزموونی خوێندنەوەی جدی بێ، فراوانی بەهرەش ڕۆڵدەبینێ لەو هاوکشەیەدا. دیدەن سەید برایم، ئاسۆی ڕوانینی فراوانە، وشەکانی لەڕووی عیشق و خۆشەویستی و *خۆشەویستی* خاك دەخولێنەوە، دوورە لە گوتەی: قسە خۆشی ناپەرۆشی. ئەو پەرشە و هەستەکانی خۆی لە واقیعی ژیانەوە دەردەبڕێ و زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نۆستالیژیای منداڵی و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بۆ ڕابردووی زەمەن و شوێن. ناوە ناوە هەست بەڕاوە وێنە دەکەین، بەگشتی مۆسیقا و هەناسە و ستایلی هەندێ گۆرانی نوێ لە شیعرەکانی بەدیدەکرێ، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەو گوێگری گۆرانی نوێی کوردییە. لە ڕووی فۆڕمەوە شیعرەکان نوێن و وابەستەی کێش و سەروای تەقلیدی نەبووە، بەڵام نووسینی شیعر سەختە، هەموو وێنەکێشانێك نابێتە تابلۆی داهێنەر و سەرنج ڕاکێش، هەموو شیعرێکیش نابێتە شاکار و نامێنێتەوە، گرنگ ئەوەیە کاروانی نووسین بەردەوام بێ. تێهەزرین و ڕوانین بەردەوام بێ. خوازیارم زۆر خوێندنەوە و خۆ خوێندنەوە و کەم نووسین بکاتە بنەواشەی ژیانی خۆی و لە داهاتوودا وەك خانمێکی بەهرە ڕەنگین بەدەربکەوێ، چونکە ئەو لە خانەوادەیەکە باوکی و براکانی ئەدیب و نووسەرن.

ئـــەو لـــە ســـەرچاوەیەکی ڕوونـــەوە هەســـتەکانی هەڵـــدەقوڵێن، هیـــوادارم ئـــەزموونی نووســـینی هەڵبکشـــێ و ڕۆژ لـــە دوای ڕۆژ بـــەهرە و ڕوانینـــی فراوانتر بێ. ناوبراو توانای دەربڕینی باشە، بەس بەتەنها دەربڕین بـەس نییە، دەبێ ئەو دەربڕینە بە شێوەیەکی خودی دەربڕدرێت، کـە خوێندتـەوە هەسـت بـە تـام و چێـژ و بەرامـەی نووسـینەکە بکـەین. شـیعر نووسـین یارییـەکی ڕۆحـی خۆشـە، شـاعیران بـۆ خۆیـان دەنووسـن و هەسـت و مەشاعیری خۆیـان دەخەنـە ڕوو، وەلـێ خـەڵکانی تـریش هاوسۆزی ئـەو هەست و سۆزەن، چونکە حەز و خولیـای مرۆڤـەکان لێکنـزیکن، ئـازار و حەسـرەت و غـەریزەکان و خۆشـی و ناخۆشـی مرۆڤـەکان یـەکن. بۆیـە شیعر جدی هەمیشە دەبێتە چەق و پنتی چێژی خوێنەران.

ئەگەر سەرنج بدەینە کۆمەڵێ ڕاوە وێنە و لێیانوردبینەوە:

نازانم چۆن شوشە شکاوەکانی

دڵم کۆبکەمەوە....

دڵی وەك شووشەیەکی شـکاو وایـە، واتـا و مـەدلوولی: دڵشـکان، ناکـامی، ئازار دەگەیێنێ، واتا دڵشکان زۆر سەختە، وەك چۆن شووشە وردوخـاش ببێ زەحمەتە کۆ برێتەوە و پێکەوە بلکێنـدرێن، ئـاخر شووشـەی شـکاو تـا دەستی لێدەی زیاتر بریندارت دەکات.

گلەیی ناکەم هەرگیز ناڵێم تۆ

بێباک بووی

ناڵێم کە چەند ڕوخێنەر و کوڵێ

بە ئازار بووی

بە خەیال دەڵێم هەر بە جوانی

بتبینێ......

دوای بینینـــی ئـــازار و مەینـــەتی، ئـــەو هێشـــتا دەیـــەوێ لـــەو واقیعـــە تاڵـــە دووربکەوێتـەوە و بەخـەیاڵ جیهـانێکی پـاك و بێگـەرد، بۆخـۆی دروسـت

بکات، تاوەکو وێنەی یار وەك خۆی بە جوانی بمێنێتەوە و تەپوتۆزی ڕۆژگاری لەسەر نەنیشێتەوە و ناشیرین نەبێ، چونکە خەیاڵ سنووری واقیع دەبڕێ و دەتوانێ گۆڕانکاری لە شتەکان بکات.

گەر بپرسن خەڵکی
کام شاری؟
شەقامی خورپەی دڵ و
ئەوینیان پێشان
دەدەم.

بە شێوازی لێکچواندن و بەتەن کردن تەعبیرەکانی خۆی دەربڕیوە، ئاخر شەقام شوێنی ڕاگوزەرانە، ترپەی دڵیش شوێنی تێپەڕبوون و hamووشۆی خوێنە، ئەم شەقامەش سوورە و شەقامی ئەوینە، لەم دەربڕینەیدا لێکچواندنێکی جوانی بەرهەم هێناوە.

زۆر ڕاوە وێنە هەیە لە فرێزێك، یان ڕستەیەك بەدەردەکەوێ شاعیر دەڵێ:

چیم ناوێ لێت تەنها بستێک شوێن لە دڵت نەبێ...

دڵ وەك شارێك، وڵاتێك، پارچەیەك زەوی بەقیمەت پیشاندراوە، ئەو ئەم بستە زەمینە دەکاتە داڵدە و پەناگەی خۆیی و سوکنایی تێدا دەکات.

لە دەربڕینێکی تردا دەڵێ:

تۆ تا ئێستا درک بەوە نابەی
کە چۆن هێلانەی عەشقت
ڕوخاند،
بە پەتی بێوەفایی ڕۆحت
هەستی منت خنکاند...

ئەم شیعرە بە دوو وێنە بنیاتنراوە، وێنەی یەکەم تەقلیدی و کۆنە، هێلانەی عیشق، هێلانەی دڵداری، هێلانەی دڵ...زۆر وتراوە، بەڵام وێنەی دووەم

وێنەیەکی نویێ و خودی و جوانە، لـە دەربڕینــی: (پــەتی بێوەفـایی ڕۆح)، بەشێوازی بەتەن کردن بنیاد نراوە، کە ڕۆحی لە شێوەی پەتێك پیشانداوە، کــە وادەکـات درکــی پێبکــەیی و بــەچاو بیبینــی، بــەڵام ئــەم پەتــەش وەك دێوەزمەیەك هەستی ئەوی پێخنکێندراوە. هەسـت درك کردنـە بەشـتەکان، هەستیش بەتــەن کـراوە، وەك بوونــەوەرێك پیشـاندراوە کـە رۆحلەبـەرە و کەردنی هەیە و خنکێندراوە.

بڕوام نەبوو ڕۆژێ ببی بە گریان و وەڵامم نەدەیتەوە...

لە شیعرێکی رەنج سەنگاوی وەرگیراوە، کـە کراوەتـە گـۆرانی و بـەناوی (گلەیی بێ) لە لایەن هونەرمەند (سامان عومەر) گوتراوە و بـەوە دەسـت پێدەکات:

بڕوام نەبوو، ڕۆژێك دادێ تۆش ئەبی بەیادگاری
ئەبیت بە دڵۆپێ فرمێسك و لە چاوانم ئەباری
بڕوا ناکەم  تۆ دڵت بێ وەڵامم نەدەیتەوە
ئەوە دواین بڕیارت بێ و من لە بیرخۆت بەیتەوە...

لەشیعرێکی تردا دەڵێ:

چاوەکانم نیگا دەکەن
چەندەها نهێنی دڵت
بۆ باس دەکەن...

ئەم دەربڕینەش کاریگەری شـیعرێکی فەریـدوون بـەرزنجی بەسـەرەوەیە لەلایەن هونەرمەند (عەدنان کەریم) کراوەتە گۆرانی، کە بەم شێوەیەیە:

چاوەکانت بێ دەنگ ئەدوێن
نیگا ئەکەن زۆر شت ئەڵێن....

بەڕای من ئەم جۆرە کاریگەریانە هەتا زۆر بن باشترە، نیشانەی متابەعە کـردن و هــەڵمژین و سـوود بینینــە لــە بیـر و بــەهرەی کەسـانی تـر، تـا وەرگرتنەکان وەستایانەبێ باشترە، واتا شاعیر لە نێو شیعری کەسێکی تـر

کەسایەتی و نووسینی خۆی بەدەربخات و زێدەی بخاتە سەر. هیوادارین ئەم دیوانەی خۆڕانانێک بێ بۆ هەنگاونان بەرەو پەنارێکی قوڵتر و دازاینی بەهرە و باڵەوازەکردنی شیعری ناسك.

# پێرست


پێشەکی.................................................................3
دەستپێك:...............................................................11
هەر من ببینە..........................................................16
ڕۆحت بردم.............................................................17
پێکی مەرگ ...........................................................19
پایزی من................................................................20
تەنها تۆ...................................................................22
خۆری بێ ئاوابوون ...................................................24
وەرە هەڵمبستێنەوە...................................................25
چۆن دڵت دێ .........................................................27
ئەندێشەی خەیاڵ.......................................................29
ڕوخانی دڵ...............................................................32
سەنگەری نزا...........................................................33
هەوری گەڕۆک........................................................35
طبیبی من ................................................................37
تیری خەم ...............................................................39
بێدەنگیت ...............................................................41
من بێ تۆ................................................................43
وەرە ببینە ...............................................................45
خەڵوەت ................................................................47
خۆم ناناسمەوە .........................................................49
هەر بە تەنها ..........................................................50
گەر لێم بپرسن........................................................52
حەز دەکەم ............................................................53
ڕۆژێک دادێ.........................................................54
ژەهری جودایی........................................................56
باوەشی مەرگ.........................................................58
ئەمڕۆ......................................................................59
ڕەشەبایی توڕەیی......................................................60
من کێم؟ ...............................................................61
تاسەی دووریت........................................................63
ڕۆژی خۆشەویستی ..................................................65

پەیکەری تۆ.......... 67
سەیرم بکە .......... 69
ماڵئاوا.......... 71
ئەی مانگ.......... 72
لافاوی خەم.......... 74
هەست ناکەی .......... 76
خۆزگە.......... 78
چیکەت دەویست.......... 79
بەسەرهاتی عەشقمان.......... 81
وەرەوە بەسە .......... 83
درک ناکەی.......... 85
بۆچی ئەوها بۆ .......... 87
لە بێ تۆیی.......... 89
ماڵی دڵم .......... 91
دەترسێم.......... 93
مەرگ .......... 95
بێ ئاگا.......... 98
کە گەڕایتەوە.......... 100
لێم گەڕێن .......... 101
بڕوام نەبوو .......... 103
بەروار.......... 105
جوانی عەشق .......... 107
دڵم پڕە.......... 109
پێم بڵێ.......... 110
داستانی تۆ.......... 112
خۆم و دەریا.......... 114
تینم نەما .......... 116
چۆن توانیت.......... 117
خەونی تەمەن.......... 118
بێوەفایی تۆ .......... 119
بەرگی خەفەت.......... 121
وەرە.......... 122
عەشقی منداڵی .......... 123

بڕۆ له دڵم.......................................................................124
بیرت دەکەم.......................................................................127
خۆشمدەوێی.......................................................................128
دڵبەرد.......................................................................130
بۆ ئازیزم.......................................................................132
پیرۆزە.......................................................................134
مەنوسە بۆم.......................................................................135
جوانترین داهێنم.......................................................................137
زۆر دەترسم.......................................................................138
ڕۆژی بوونت.......................................................................140
بۆ ژینای جوانەمەرگ.......................................................................142
دیدەی من.......................................................................143
ئەگەر ئەمجارە هاتی.......................................................................144
باڵی خەم.......................................................................146
(78).......................................................................147
بێدەنگی من.......................................................................147
تەنهایی ڕۆح.......................................................................148
ژیاننامە نووسەر:.......................................................................150

## دەستپێك:

دیدەن سەید برایم

غوربەت ئەو هەست و ئازارەیە كە پەلاماری هەست و ڕۆحمان دەدا، پەنجەی خەیاڵاوی ڕستەكانمان لێكدەدا سەدان خۆزگە و ئارەزووەكانمان بەبا دەدا. ساتەكانی غوربەت هەستێكی نامۆیە تین دەدا بە ڕۆح و ناخمان و ئازارمان دەدا، بێ ئومێدی و هەستی دووری نیشتیمان سەخترین برین لە ناخی خۆزگەمان دروست دەكا، ئەو هەستە دابڕاوە لە ئازیزان لە سۆزی نیشتیمان لافاوی خەم دەپۆشێ بە گیانمان بەرگی نائومێدی دەكا بە ڕۆحمان هەر وەک پارچەیەک لە هۆنراوەی ساتەكانی غوربەت لە یەكەم بەرهەمم لە كتێبی (خۆری بێ ئاوابوون)دا.

لە غوربەتدا تەرمی مەرگی

خۆم دەكێشم

لە بێ ئومێدیدا ڕێگای

مەرگ دەپێوم

لە گۆڕستانی نامۆیدا لاشەی

بێ ئاواتم دەنێژم

لە وەرزی بەفرانبارااندا خەونی

تەزیوم بە خاك دەسپێرم

هەوای خاكی غەریبی بە بێدەنگی دەمخنكێنێ

هیوا و خۆزگەكانم بە ئەسپایی لە

ساردی ئەو وڵاتە دەمتەزێنێ.

لەو غوربەتە سەختە لەو وڵاتە سارد و تەزیوە كاروانی ژیانمان تێدەپەڕێنین ساتەكانی تەمەنمان دەڕوا پڕ لە هەستێكی مەینەت و حەسرەت بە هەناسەیەكی ساردی تەنهایی و دوور لە سۆزی خاك و نیشتیمان دوور لە ئازیزانی تەمەنی هاوشار تەمەن ئۆغر دەكا، ژیان یارییەكە یان دەیبەینەوە یاخود دەیدۆڕێنین، ژیان هەورازە تین و هێزی دەوێ بۆ سەركەوتن مرۆڤە هاوڕۆحەكان پەیژەن بۆ بەسەركەوتنی

گەیاندنی ئاواتەکانمان پاڵمان دەدەن بۆ بەرزبونەوە و پێگەیشتن بە هیواکانمان. هەست و گڕی ناخمان هاندەرە بۆ دەربڕین ئینجا بە هەر جۆرێ بێ ئەوەی بەهرەمەند بێ هەگبەی ڕۆحی دەڕێژێ بۆ لاپەڕەی ڕۆژگار و ژیان ناخی دەردەخا دەیگەێنێ بە شیعر و نوسین.
جیهانی ئەدەب و نوسین ئاسمانێکی فراوانە دنیایەکی دڵفڕێنە، ئیحساسێکی جوان و شیرینە وەک مەل دەتفڕێنێتە ئاسمانی بەختەوەری لە ئەندێشەدا دەتسوڕێنێ بە ناو دنیای ئارام و ئاسودەیی دەتگەڕێنێ .
هەر ئەو هەستە نامۆیەیە کەوا دەکا پاش دابڕانێکی زۆر لە نووسین دیسانەوە خامە بگرمە دەست و هۆنراوەکانم بکەم بە نامیلکە و بە دنیایی ئەدەب و نووسینی بگەێنم بیخەمە بەر دیدی هاودارانی شیعر و نووسین، ئارەزوو دەکەم ناخم دەربڕم و هەڵڕێژم کاتم تەرخان بکەم بۆ خۆم و تەنها خۆم حەز دەکەم ناخی وجودی خۆم ئیسپات بکەم لەو غوربەتە نەکات ڕێگا دەدا نە سەختی ژیان.!!!
لێرە تەواوی ژیانمان سەرقاڵی ئیش و گوزەرانی و ماندووبونی ژیان ڕێگرە بۆ ساتێ ئارامی ڕۆحمان، بەڵام لە هەر فرسەتێکدا هەوڵدەدەم بنووسم بدوێم لەگەڵ خۆم و سەیری خۆم بکەم کە شەمەندەفەری ژیان بەرەو کوێم دەبا، حەز بە نووسین دەکەم ئارەزوو دەکەم تەنهابم، هەمیشە گوێ لە مۆزیکێکی ئارام بگرم، لەگەڵ خەیاڵی ڕۆحم بڕۆم پیاسە بکەم بەناو خەیاڵم، هەگبەی وشەکان هەڵڕێژم بۆ پەڕەی مێژوو وەک وابێ کە تەمەن زۆری بەبەرەوە نەمابێ و فریاکەوم بگەم بە وێستگەی شەمەندەفەری تەمەنم پێش ئەوەی بگەم بە کۆتا وێستگە و ماڵئاوایی یەگجاری لە ژیان بکەم.
ژیان خۆشە بە وجودی کەسانی دڵسۆز و بەوەفا ژیان پیرۆزە بە خاوەنی هاوڕێی باش و هاوڕای دڵسۆز، بەڵام چی دەبێ کە ئەمانە وجودی نەبێ؟ مرۆڤ هەرچەند بەهێز بێ پێویستی بە هاوکارییە، هەرچەند بەتواناش بێ هێزی دەورویشتی دەوێ، ئەگەر دەورویشتت بەهێز بن، هاوکار و پاڵپشتت بن هیچ نەهامەتییەکی ژیان ناتدۆڕێنێ، بەڵام ئەگەر ئەم ئارامی و هاودەستییە وجودی نەبێ و تەنها بووی هەرچەند بەهێز بی ژیان هەر دەتدۆڕێنێ تەنهایی ڕۆژگار دەتڕوخێنێ.

ئەوەی من بەهێز دەکا و تینم دەداتێ هاوسەرەکەمە پەنجەم شکستە لە پێناسەکردنی دڵسۆزی و هاوخەمیم لەهەر کاتێکدا لەبەردەمما دەستم دەگرێ ناهێڵێ بکەوم وەک پەیژە سەرم دەخا بۆ سەرکەوتن و هێنانەدی هیواکانم، وەک مامۆستایەک وانەی خۆشەویستی فێرکردم خۆشەویستی بە تەنها مەرج نییە بۆ بنیادنانی شیرازەی خێزان، بەڵام مەرج و گرینگە ژیان ببەینەوە بە خۆشەویستی و لوتکەی ڕاستگۆیی و وەفاداری.
من برادەرم زۆرە بەڵام هاوڕێم کەمە، بۆیە دەتوانم بڵێم هاوسەرەکەم باشترین هاوڕێمە کە هەردەم دەستم دەگرێ هاوڕێگامە هاودەست و یارمەتیدەرمە کە هەردەم سێبەرمە لە کاتی ماندووبونی ڕۆحم چەترە بۆ بارانی خەم، پەیژەیە بۆ سەرکەوتنم.
لێرەوە دەمەوێ سوپاسی بێپایانی هاوژینم بکەم بۆ هاوکاری و هاندەر و پاڵپشتی بەچاپگەیاندی بەرهەمی دووەمم، سوپاس و خۆشەویستی هەمیشییەم بۆ خوشک و براکانم هەیە کە هەموو کات هاندەر و پاڵپشتن بۆ بەردوامی نووسین و چاپکردنی بەرهەمی تازەم.
سوپاسی پورزای ئازیزم (کاك سەرمەد) دەکەم کە هاندەر و یاریدەدەرێکی زۆر بە توانا و هاوکارە هەمیشە کاتی خۆی پێم دەبەخشی بۆ چاککردن و ئاسانکاری چاپکردنی کتێبەکە.
دەمەوێ سوپاسی بێ پایانی (د. هاوژین صلیوە) بکەم، کە بۆ جاری دووەم ئەو ئەرکە دەکێشی بۆ هەڵسەنگاندنی شیعرەکانم کاتی خۆی پێم دەبەخشی بۆ پێداچونەوە و ڕاستکردنەوەی ڕێنوسی شیعرەکانم هیوای سەرکەوتن و خۆشبەختی بۆ دەخوازم.
ئەم بەرهەمە پێشکەش دەکەم بەڕۆحی پاکی دایک و باوکم و بۆ هەموو ئازیزان و خۆشەویستانم.
سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەوانە کە هاوکاریان کردم و پاڵپشتم بوون بۆ چاپکردنی بۆ کتێبی دووەمم.

سوپاسی بێ پایانم بۆ هەریەك لە:
1- ڕەهبەر سەید برایم.
2- دکتۆر هاوژین صلیوە.
3- سەرمەد سەڵاح سابیر.
بەرهەمی ئەم جارەم جیاوازە ڕوانگەی هەمەجۆر لە خۆ دەگرێ، بەهیوام جێگای دڵخۆشی و ڕەزامەندی هەموو هاوەدارانی ئەدەب و نووسین بێ، خوێنەران بە ڕوویەکی خۆش و بە جۆش و بە ئارەزووەکی پڕ بە تین خوێنەری کتێبی (هەنسکی مەرگ)بن، لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیم بۆ هەموو ئازیزان و دۆستان.

**2024/8/25** ستۆکهۆڵم



(**1**)

# هەر من ببینە

ئەگەر زوڵفی سەر شانم ڕەشماڵی قەدی تۆ بێ
چاوی پڕ لە عەشقت تامەزرۆی دیدی من بێ
هێلانەی دڵم زیندانی بە دەستی تۆ بێ
لە بەهەشتی دنیایی تۆدا دەبم بە حۆری
دەبم بە ئاسمان پڕ لە ئەستێرە و پەری
تا بە خەیاڵیش چاو لە مندا نەبڕی
بە دەستم بێ هەردوو چاوەکانت ببەستم
هەرچی جوانی دنیا هەیە بە خۆمی ببەخشم
سۆزی ئەوینی دنیا لە دڵی تۆدا بچەسپێنم
بۆ ئەوەی چاوەکانت تەنها من ببینێ
ڕووخساری پڕ لە سۆزت تەنها بۆ من بێ
دڵەی شێتت گیرۆدە و بە حەسرەتم بێ
بە تریفەی مانگەشەو دەڵێم هەواڵی تۆم بۆ بێنێ
بە باڵی خەیاڵ دەڵێم خەونەکانمان بەدی بێنێ
بە ئاسمان دەڵێم لەگەڵ هەوردا تۆم بۆ بێنێ
تۆ ببە بە هەور لە بڕی باران عەشق ببارێنە
منیش دەبم بە خۆر ئاوا نابم لەدنیای ئەوینە.

سیسیلیا/ئیتاڵیا **2022/7/23**

(2)

# ڕۆحت بردم

به جۆرێ ڕووخام نازانم
له کام ئەندێشەی خەیاڵم ڕۆحت بردم
بەجۆرێ خۆم دۆڕاند نازانم
له کام دێڕی شیعرەکانم ونت کردم
له کام تاسەی عەشقی شێتمدا
ماڵئاواییت لێکردم
له کام ڕێگا لێم زویر بووی و خۆت
لێ بزر کردم
به ئەسپایی ترپەی پێی
هەنگاوەکانمت تۆمار کردم
خۆ من وەک شێت
هۆنراوەم بۆ دەنووسی به دەورت دەسوڕامەوە
لێم گەڕێ با له گەورەیی
ئەو عەشقەی له مێشکمدا بوو بتوێمەوە
لێم گەڕێ با هەناسەی حەسرەت
هەڵڕێژم ناخم تۆزێ بحەسێتەوە
کام ڕەشەبای تووڕەیی بوو وەک گەردەلوول
لوولی دایی و له منی دوورخستیتەوە
ئای ڕۆح نازانم چۆن تائێستا ماویت
وبەرگەی ئەو ئازارە دەگری
به پەڕەی زێڕینی کام گەڵای
تەمەنم فرمێسکەکانم دەسڕی
ناخم وێران بووە ڕۆح له جەستەم شەکەتە
وبەرگە ناگری

دەزانم لەبەر چاومە لە سوچێکی ژوورەکەتدا
ئێستا بۆم دەگری
ناتەوێ هەنگاو بنێی بۆم ئازار دەکێشی
هەناسەی حەسرەتم بۆ هەڵدەکێشی
بیرم دەکەی لەگەڵ بیرەوەرییەکانم دەگری
ناتەوێ بمدوێنی
بێ ئاگای لەوەی گڕی عەشقت لە ناخمدا
هێدی هێدی دەمسووتێنێ
ئەوینت دەرد و عیلەتێکە ڕۆحم دەبا
تا نەمکوژی وازناهێنێ.

**2024/4/24**

(**3**)

## پێکی مەرگ

من هاتم لە چاوی مەستی تۆدا پیاڵەی شیعر هەڵدەم
کەچی تۆش بە باڵی بێوەفایت پێکی مەرگت پێ نۆشیم
کە تۆ نەبی کێ نازی شیعرەکانم هەڵگرێ
کە تۆ نەبی نهێنی دڵ بۆ کێ بەیان بکرێ
ڕازی دڵ و ئازاری ڕۆح بۆ کێ باس بکرێ
ئەمشەو دڵم پڕە و بە لوتفەوە سەیری ئاسمان دەکەم
تا لەگەڵ هەوردا تۆم بۆ بێنێ وچاوەڕێت دەکەم
وەرە دەستم بگرە و نوقمی دەریای بێوەفایتم بکە
بمگەڕێنە لە دنیای بێباکی خۆت و بمکە
بە پێکی ڕەوای خۆت و نۆشی بکە
وەرە با لە ئامێزی سۆزی یەکتریدا دەردە دڵ بکەین
بە فرمێسکی چاوانمان هەڵەکانی یەکتری بشۆین
وەرە هەرچی ئازار هەیە بیکەین بە خەزان
پەیمانی مانەوە بۆ یەکتری بوون
بدەین تا دواچرکەی ژیان.

بێرگن/نەرویج **2023/8/10**

(**4**)

## پایزی من

پێم دەڵێن بۆ ئارەزووی پایز ناکەی
بۆ حەز لە خەزان و هەڵوەرین ناکەی
بۆ مەیلی ئاڵتون و پۆشاکی زەرد ناکەی
کە پایز دەمبینێ شەرم لە خۆی دادەگرێ
دەیەوێ پێم بڵێ ببوورە کە هیچم بۆ ناکرێ
پایز گیان خۆ ئێمە ڕەنگمان زۆر لێک دەچێ
لە دڵەکان هەمیشە زستانە چونکە نیە هەستی گەرمی
گوڵەکان وشکبوون لە ناو گوڵدانێکی شکاوی پایزی
نەمامی ئارەزووەکان پوکانەوە لە ژێر فشاری زەوی
چۆن پایزم بوێ کە گوڵێکی هەڵوەریو بم لە باوەشی
پایز بێباک بوو بە خەزانی ڕووخساری سەوزمی داپۆشی
بە ڕەشەبای تووڕەیی گەڵای باخمی بە زەردی پۆشی
لە پایزێک دەژیم تەنها زەرد هەڵگەڕانە
وەرزی مردنی بەهار و سەوز پۆشەکانە
ساتی لێکدابڕان و جودایی ئازیزانە
پایزێکم دەوێ خەزانی پەڕەی خەم و زەردی تەمەن بێ
نەک هەموو تەمەنم خەزانی پەڕەی سەوز بێ

پایز بە من چی گەر خەمەکانم هەڵنەوەریێ
پایزێکم دەویێ کە ڕابردووم بکا بە خەزان
هەڵوەرێنێ گەڵای زەردی بێ ئومێدی ژیان
بپۆشێ بەرگی هیوا و بمگەێنێ بە ئازیزی دڵان.

**2022/10/23**

(5)

## تەنـها تۆ

تۆ ئەو کەسەی لە هەموو بەربوونەوەیەک
هەڵمدەستێنیتەوە
تۆ ئەو هێزەی کە لە کاتی لاوازیم ڕۆحم
پێ دەبەخشیتەوە
تۆ ئەو پەیژەی سەرم دەخەی
لە هەموو کەوتنێکدا
بێبەش نابی لە خەمەکانم
لەگەڵم دەبی لە هەموو ئازارێکدا
تۆ خەون نی تۆ ئەو ڕاستییەی
کە قەدەر بە منی بەخشی
تۆ ئەو چەترەی لە بارانی
خەفەت دەمپۆشی
ئەو دارەی کە لە ساتەکانی
ماندووبونی ڕۆحم سێبەرم دەبی
ئەو ئاسمانەی ئەستێرە بارانم دەکەی
بۆ تاریکی شەوە زەنگم
تۆ جوانترین ڕۆح و پاکترین دڵی
لە وجودی ژینم
هەرگیز لە کاتی ونبوونی ڕۆحم
جێمناهێڵی
لە نەهامەتییەکانی ژیانم

دەستم دەگری و دەرمدێنی
تۆ ئەو گۆچانەی کە هەردەم لە
داچەمین دەمپارێزی
هەمیشە دەستم دەگری
و ڕێگام لەگەڵ دەگری
تەنها تۆ هیوا و ئومێد و ڕاستی
دڵ و ڕۆحت بۆم دەبەخشی
تا بەرگی بەختەوەریم پێ بپۆشی
تۆ قوتابخانەیەکی پڕ لە میهرەبانی
دەریایەکی نوقمی سۆز و جوانی
تۆ پاکترین مەخلوقی جیهانی.

ستۆکهۆڵم **2021/5/18**

(**6**)

# خۆری بێ ئاوابوون

لە بیرتە دەتگۆت کە دەردەکەوی لە خۆر دەچی
ڕووناکی شار حوکمی نامێنێ و شەرمەزار دەبی
دەبێ چەند جوان بی کە شەوان دەخەوی
دڵنیام نیگای پڕ لە ئارامت لە مانگ دەچی
کاتێ ڕۆژانە کە تێدەپەڕیم لەبەردەمتدا
دەتگۆت خۆر حوکمی نامنینێ لە ئاستتدا
زوڵفی خاوت دەدرەوشێتەوە بەسەر ڕوتدا
تیر بارانم دەکەی لە نیگای چاوی پڕ نازتدا
ئەمڕۆ خۆر گلەیی زۆری لێ دەکردی
دەڵێ کە یار دەردەکەوی ڕێگام لێدەگری
هاتە وەڵام و سکاڵای لێ تۆمار کردی
لەبەر تۆ ئاوا نابێ و چاوەڕێی دەکردی.

**2022/11/18**

(7)

## وەرە هەڵمبستێنەوە

ئەمڕۆ تاسەی دووریت دای بە ڕۆحم و زۆرم بیر کردی
وێنەکانتم دەرهێنا و تێر تێر لە ئامێزم گرتی
ئەمڕۆ کڵپەی عەشقت دیسانەوە خۆیدا بە ڕۆحمدا
وەک منداڵێکی ساوا دەگری خۆی دەکا بە باوەشتدا
ئەمڕۆ حەز دەکەم عەرش و ئاسمان بهەژێنم
بتدۆزمەوە و سەیری چاوەکانت بکەم و بتدوێنم
چەندەها نهێنی دڵ هەیە دەمەوێ بۆت بدرکێنم
وا ڕووخساری پیری لە سیمام دەرکەوت
ئێوە لە کوێن ئەی دۆستەکانم
ماندووم لە دەستی ڕۆژگار
لە هەورازی ژیان زۆر کەوتم بگرن دەستەکانم
دەردم بێ دەرمانە دەچۆڕێ خوێن لە برینەکانم
دەمەوێ ببم بە مەلێک بفڕم بۆت
لە هەر کوێ بی بتدۆزمەوە
ئەو هەستەی لە ناو ڕۆحم دا هەیە
بڕوا بکە کەس جێگای تۆ ناگرێتەوە
ئازار و ئەشکەنجە بناغەی وجودی تێکشکاندم

وەرە با عەشقت لە ناو ڕۆحم کاڵ نەبێتەوە
وەرە فریام بکەوە با ئاسەوەری ڕابردوومان بمێنێتەوە
با تەواوی بکەین چیرۆک و پەرتوکی عەشقمان
با پێکەوە بینووسینەوە
خۆ من لە پێ کەوتووم داریَ نیە
دەستی پێوە بگرم وەرە هەڵمبستێنەوە.

**2024/11/24**

(**8**)

## چۆن دڵت دێ

لێم گەڕێ با شەڕابی عەشق بنۆشم دڵم تینووی
پێکی وەفاتە
وا ڕۆژی عەشق هات مەستی خەیاڵتم ڕۆحم تامەزرۆی
عەشقی ڕێگاتە
سەردانی گەلەری دڵم بکە گەڵای وشەکانم هەڵدەوە
تینووی حەسرەتی ژوانتە
شاری دەروونم بە بزە و خەندەی لێوت بدوێنە
دیدە و نیگام چاوەڕوانتە
لەناو درەختی شەقامی دڵم گەڵای تەمەن هەڵدەوە ببینە
چۆن گیرۆدەی خەزانتە
لێم گەڕێ با لەناو شادەمارەکانی دڵت بچەقم نەکا کەسێکی تر
خۆی بکا بە دڵتە
لێم گەڕێ با فرمێسکی حەسرەت هەڵڕێژم نازانی ڕۆحم چەند
گیرۆدەی بەڵای ئەوینتە
هەنگاو بنێ لە دەرگای عەشق بدە نەرمە بای دڵت با بێ
بەرگەی نازم هەڵگرێ
لێوی وشەکانم مەگەزە قەیتانی شیعرەکانم بکەوە
خامە هەر بۆ تۆ ئەنووسێ
بەتەنگ هاواری دەنگی ڕۆحم بە
با گریان نیگام نەمپۆشێ
سەردانی شاری دڵم بکە چیتر

گەڵای سەر شانی عەشقمان
هەڵمەوەرێنە
ڕۆحم لە ناو گەرووی پایزێکی
بێڕەحمدا مەڕەنجێنە
هەنگاو بنێ هێمن هێمن بدوێ
گفت و پەیمانم پێبدە ڕازی
دڵت بدرکێنە
چۆن دڵت دێ بمکەی بە خۆڵەمێشی بیرەوەرییەکانت
چۆن لە ڕۆحت دێ مۆمی ساڵانەی عەشقمان خامۆش بکەی
بە هەناسەی ساردی سیەکانت
وەرە زیندووم بکەوە باخی عەشقمان
گوڵ باران بکە بە دەرکەوتنی چاوەکانت.

ستۆکهۆڵم **2025/5/31**

(9)

## ئەندێشەی خەیاڵ

تۆ وات کرد ماڵی دڵم کۆبکەمەوە
سەرهەڵگرم بۆ وڵاتێکی بێ ناوونیشان
بەرەو شارێکی بێ ڕێبوار
و ڕۆیشتنێکی بێ ماندوو بوون
و بێ وچان
بڕۆم بێ ئاوڕدانەوە نەکا
بیرم بێتەوە کە چۆن ڕماندت
ماڵی عەشقمان
تۆ نازانی چ ئازارێک لە ناخمدایە
وچیم چێشت لە تاوی
تۆ و دابڕان
کۆت و زنجیرت کردم بەڵام
هەر پێم ڕەوا بوو بە دەستی تۆ
ئەشکەنجەدان
خەم ناخی خواردم تێکی دا
وجودی فکرم ئێستاش
تێنەگەیشتی چیە ئازاردان
لە بیرتە چۆن گۆرانی و عەشق بۆم
ببوو بە خۆراک و ژیان
ئێستا نامەوێ ببیستم وتەی
خۆشەویستی و گوێبگرم لە

مۆزیک و ستران
با نەبیستێ هزر و فکرم دێری
ئەوین نەکا عەشق دڵۆپە بکا
بەنێو دڵم وەک جاران
من پێم وتی ببە بە هەور ببارێنە
عەشق لە بڕی باران
منیش دەبم بە خۆر ئاوا نابم تا
دوا ساتی ژیان
کەچی بێ ڕەحمانە ژەهرت بە
نێو دڵمدا ڕژان
نەمزانی پەیمانەکانت دەسپێری
بە هەور و ئاسمان
لە خۆویستی و بێباکی خۆتدا
منت دۆڕان
خۆ من دەمویست کۆتاییەکان
بپرسم لە ڕێگاکان پێش
ئەوەی پێیدا بڕۆم
کەچی کوێرانە بە ڕێگای عەشقی تۆ
ڕۆیشتم بێ بیرکردنەوە تا لە پێ کەوتم
بۆیە خەیاڵم خۆشدەوێ
چونکە خۆشییەکانی بێ باجدانە
ئەوەی خەندە دەکا لە سەر
لێوەکانم ئازارەکانە
ئەندێشەی خەیاڵ جوانە
پارچەیەکی ترە لە ژیانە.

**2024/11/10**

(**10**)

# ڕوخانی دڵ

تازە تۆ تەلاری ڕۆحی منت ڕوخاند
هەرچی ماڵی خۆشەویستی هەیە لە کۆشکی ئەوینت ڕماند
بووی بە باشترین ئەکتەر و نمایشێکی جوانت نواند
نازانم چۆن شوشە شکاوەکانی دڵم کۆبکەمەوە
چۆن بتوانم برینی چەند ساڵەی تەمەنم سارێژ بکەمەوە
چیبکەم بۆئەوەی تۆ لە بیرەوەریم بەرمەوە
نازانم ببم بە چی؟
ببم بە حەکیمی دەردی دڵەی پڕ لە برین و شکاوم
یاخود ببم بە تەلارسازی بۆ چاککردنی کۆشکی ڕوخاوم
یان ببم بە دەروونناس و بۆ چارەسەری دەروونی پڕ لە زوخاوم
لە شەوەزەنگی تاریکی خۆمدا وەک مۆم دەتوێمەوە
لە ئەندێشەی خەیاڵدا بەدوایی خەونەکانمدا دەسوڕێمەوە
خۆزگە دەمتوانی مێژووی عەشقت لە ژینم بسڕمەوە
هەموو نامە و وشەکانت لە بیرەوەریمدا لە بیربەرمەوە.

**2022/12/25**

(11)

## سەنگەری نزا

با نەبم بە ئارەزوویەکی مردوو
وەرە دڵۆپە بکە بەسەر عەشقی من
ماندووم لە تاڵی شەو هێل
بێنە بەسەر دوا ئازاری من
وەرە فریام بکەوە حەکیمی
درەدی دڵە شێتەکەی من
مەهێلە لە کۆتا پەرتوکەکە وشەکان
نەدرکێ و ون بم من
خامە و فکر و هزرم پڕن لە بێدەنگی
ناگەن بە خەیالی من
ڕۆژی ئاوازی بێ دەنگی من
ساتی ڕۆیشتنی بێ بەزەییانەی تۆ بوو
کاتی ناشتنی ئومێد و خۆزگەکانم بوو
چرکەی هەڵکەندنی من لە دڵی تۆ بوو
ساتی نزا و پارانەوەی من بۆ تۆ دڵهەژێن بوو
هەور و ئەستێرە و ئاسمان وێران بوو
سەنگەری نزای من لە تاوی بێ ڕۆحمی تۆ بوو
تا تۆم نەناسی نەمزانی دڵشکان چیە
بەسە پەنجەرەی ئومێد بە ڕوومدا دامەخە
وەرە بە وشەیەک هێز و وزەم پێ ببەخشە
میهرەبان بە جارێ بەرگی شادیم پێ بپۆشە

دڵم زۆر گەورەیە لێت دەبوورم هەمیشە
تۆ بۆ من خۆری بێ ئاوابوون بووی لەو وڵاتە تەزیوەدا
تەنها دەرکەوتنی تۆیە پەردەی خەم لەسەر دڵم لائەدا
یاد و بیرەوەری تۆ خەریکە ئاگر لە ڕۆحم بەردەدا
هەستت لە ناخمدا هاتووچۆ دەکا
یادەکانت لە ناو شادەمارەکانی خوێنم یاریم پێ دەکا
رۆژێک دێ ئەو هەموو گریانە سۆمای چاوم دەبا.

**جنێف/ سویسرا 2024/7/12**

(12)

## هەوری گەڕۆک

من کە لە هەنسکی گریانی تۆ دام
گەیشتووم بەرەو کۆتایی وەرە ببە بە سەرەتام
وەرە پێکی مەرگ بکە بەسەر ڕۆحی ماندووم
زیندووم بکەوە نور بدە بە دیدە و نیگام
مەبە بە هەورێکی گەڕۆک
عەشقی هەمیشەیی بە با نەشێویٔ ڕووخسار و سیمام
هەستت پێ دەکەم لەو کەشە ساردە
لەو شارە بێ ڕێبوارە چۆن بیرم لێ دەکەیتەوە
وەرە ئێستاش درەنگ نیە وەرە بمدۆزەوە
خۆشی تۆ لەگەڵ منە هەر بە نیگایەکی من ئارام دەبیتەوە
تۆ هێرشی شەوی خۆشی من بووی بۆ دەبێ دووبارە ونبی
هەمیشە دەبێ لەگەڵم بی دەستم بگری و هاوڕێگام بی
بۆ کێ خەیاڵ دەکەی قوربانی بۆ کێ دەدەی
کە تۆ جگە لە شکانی من هیچ شتێکی تر ناکەی
من دیوانێک بوم پڕ لە وشە ئێستا لە خامە کەوتووم
دەردم سارێژ نابێ شوێنەوارت لە برینم جێ هێشتم
من ئەو هەورەم جگە لە فرمێسک چیتر ناڕێژم

نزا دەکەم سواڵی منێکی تر ببێتە پیشەی ئەبەدیت
خۆ من مەلێکی بێ باڵ نەبووم تا فریوم دەی لە ئاسمانی بێباکیت
ناکەوم بۆت ئەگەر باڵەکانیشم بشکێنیت.

**Annecy**/فەڕەنسا **2024/7/11**

(13)

# طبیبی من

بەسە بەڕەشەبای توڕەییت ماڵی عەشق مەڕوخێنە
بە باڵی بێوەفایت خۆزگەی دڵ مەهەژێنە
لە جەنجاڵی ژیاندا بە تەنیا جێم مەهێڵە
وەرە بە سۆزی ئەوینمان باخی خۆشەویستی بڕوێنە
بە نیگای پڕ لە سۆزت جەرگ و دڵم دەربهێنە
دڵم زۆر ماندووە مەیلی دیدەنیت دەکا
لە هەر شوێنێک بم دڵم هەر مەیلی تۆ دەکا
وامزانی عەشقت تاڤگەیە لە لوتکەی خۆشەویستی
کەچی ساردی دڵت منی بەست و ماڵی عەشقی ڕاماڵی
چۆن توانیت وا بە ئاسانی گڕ دەی لە خەرمانی عەشقمان
لەبیری بکەی هەموو ساتە خۆشەکان و یادگارییەکانی ئەوینمان
ئەوە چ بەڵایەکە یەخەی شەڕی پێ گرتوین
دڵت لێم زویر بووە کەوتیمە ناو دۆزەخی ژین
ئێ چارم چییە؟ کە کەس ناکا دەرمانی دەردی من
نە (طبیب) نە حەکیمێ تێناگەن لە دەردی دڵی من
دڵە شێتەکەم هەر تۆی مەتلەبە تا دوا هەناسەی ژین

کەس حاڵی نابێ لێم پێم دەڵێن تۆی دێوانەی ئەوین

هەر تۆی طبیب و حەکیمی دەردی بێچارەی من.

**2023/9/18**

(**14**)

## تیری خەم

مەفڕە بۆ ئاسمان من مەلێکی بێباڵم
ناتوانم بتدۆزمەوە بەدواتکەوم و وێڵم
نامە و یادگارییەکان جێمەهێلە بۆ خەیاڵم
من گوڵێک بووم لە دەستت بە گریان هەڵتوەراندم
وەفات نەبوو بۆ بەڵێنت ماڵی عەشقت ڕووخاندم
تیری خەمت دا لە گیانم ئێستا لە خوێندا غەرقم
خۆت ون مەکە من هەورێکی گەڕۆکم بەدوات دەگەڕێم
لەشوێن تۆبام دەهاتم بۆ ئەوەی چیتر هەلنەوەرێم
هەڵەی من لەوە دابوو کە ئەویندارى تۆ بووم
گەمژانە باوڕم پێکردی و بە دواتدا وێل بووم
لە عەشقت دۆڕام بەڵام بزانە لە وەفا براوە بووم
خۆ تۆ لە پێ کەوتبووی من هەڵمفراندیە چیای غروری
بەوشەی جوانی عەشق و خۆشەویستی سەرم خستی
بەرگی شادی و بەختەوریم بەبەرتا دووری و پێم پۆشی
من پێت ناڵێم کە چۆن بووم و دووبارە نابمەوە
خۆت پێی بزانە بکەوە سەر ئەژنۆ لە خوا بپاڕێوە
ڕۆژێ دێ دەگەڕێیتەوە شوێنەوارم نابینیەوە

بەدوامدا دەگەڕێی و هەرگیز نامدۆزییەوە
ئەمجارە بە جۆری لەبەر چاوت ون دەبم
هیچ شوێنەوارێک دوای خۆم جێناهێڵم
یادگاریەکانیشت لە بیرەوەریم دەردێنم
هەرگیز بیرت لێ ناکەمەمەوە بە خەیاڵیش ناتدوێنم
تۆ بەو هەموو بێباکییەت وێرانت کردم
بە تاسەی بێوەفایی کاولت کردم
گەمژانە تێکەوتم و غەرقی حوزنت کردم.

**2023/6/1**

(**15**)

## بێدەنگیت

ئەو بێدەنگیەت دەمخنکێنێ
نەخشەی تەرمم دەکێشێ
تابووتی مەرگم دەنەخشێنێ
ئەو بێباکیەت ڕۆحم دەردێنێ
لە شەوە زەنگی تەنهایدا جێمدێڵێ
خونچەی باغی سەوزم هەڵدەوەرێنێ
وەرە مەڕۆ بگەڕێوە ناو هێلانەی دڵ
دەیچێنم لە باغی ئەوینمان گوڵ
جێتناهێلم تا دەچمە ژێر گڵ
دێر دێڕی شیعرەکانم
باس لە جوانی عەشق دەکا
باس لەوەفایی و پیرۆزی
ئەوین دەکا
وەسفی قەشەنگی هێلانەی
دڵ و قەڵای خۆشەویستی
وعەشقی تەمەنی من و تۆ دەکا
ئێستا چۆن بنوسم هۆنراوەی ئەوین

چۆن پێناسە بکەم هەستی دەروونم

تۆ نازانی چ هاوارێک لە دەنگم دایە

ئەو ئازارە پێدەکەنێ لەسەر لێوەکانم

تۆی ڕۆحی شیعرەکانم

هەر تۆی ئەستێرەی ئاسمانم

هەر تۆی ئومێد و خەونەکانم.

**2022/7/22**

(**16**)

## من بێ تۆ

خۆ من گلێنەی چاوم بۆ ڕاخستی تا پێیدا بڕۆی
ڕۆحم لەبەردەمتا پۆشی
کردمە فەرشی بەختەوەری تا نەڕۆی
لە چاوانمدا جوانترین کائین بووی
لە خەیاڵمدا بە هێزترین چیرۆک بووی
لە ڕۆح و دڵمدا زۆر شیرین و پیرۆز بووی
تۆ نازانی من بێ تۆ چەند ماندووم
من بێ تۆ چیرۆکێکی بێ ناوونیشانم
دەفتەرێکم پڕ لە نهێنی و داخراوم
من ئاسمانێکی پڕ لە غروری بووم
ئێستا چۆک دادەنوێنم لەسەر زەوی کەوتووم
بیستوومە هەموو ڕۆژێ فرمێسکم بۆ دەڕێژی
ڕیشت سپی بووە و سیمای پیریت لێ نیشتووە و بۆم دەگری
مەڵێ فێڵی ناحەز و ڕەقی قەدەر بوو
ئەوەی ڕویدا تەنها بێباکی خۆت بوو
تۆ وات کرد خۆشەویستی و ژیان بدوڕێنم
بەختەوەری و خۆشبەختی تا دوا هەناسە بەدی نەهێنم

گلەیی ناکەم هەرگیز ناڵێم تۆ بێباک بووی
ناڵێم کە چەند ڕوخێنەر و کوڵێ بە ئازار بووی
بە خەیاڵ دەڵێم هەر بە جوانی بتبینێ
بە ئاسمان دەڵێم لە پشتی هەورێکدا بتهێنێ
پایز ڕادەسپێرم بە ڕەشەبایی تووڕەیی خەمەکانت هەڵوەرێنێ
لەگەڵ هاتنی بەهاردا من و تۆ بەیەک بگەێنێ.

**2023/10/6**

(**17**)

## وەرە ببینە

وەرە ببینە لە بێ تۆیدا لە چ سەرابێکم

ببینە کە چۆن چرکەکان بوون بە سەدەیەک لە ژیانم

خولەکەکان بون بە سەدان ساڵ لە ڕۆژگارم

وەرە بگەڕێوە ببەوە بە هاوڕێی ڕۆحم

مەهێڵە لە وەرزێکدا بمێنم و هەڵوەرێم

وەرە ببینە چ هاوارێک لە دەنگم دایە

لە تەنهایی و بێزاری خۆم پەنا دەبەم بۆ هەموو لایە

ژیانی بێ تۆیی چەندە بێتام و بێ مانایە

خۆزگە لە ئەلبومی ژینم تۆم نەناسیبایە

بۆ ئەوەی هەندەم خۆشنەویستیتایە

تاسەی دووریت شێتم دەکا و دەمتەزێنێ

خۆزگەی من بۆ تۆ خەریکە ڕۆحم دەردێنێ

لە خەمی گەیشتن بە تۆ بووم بە ڕیسوای زەمانە

چي بکەم لەگەڵ دڵ کە بە عەشقی تۆ ئارامە

هیچ هەڵبژاردەیەکم نەماوە لەو ئەوینە

تۆ تاکە هیوا و ئومێدی منی لەم ژینە

ئەو بێدەنگیەت بشکێنە قسە بکە تا بڕوام کەم بێ بە تۆ

خۆشم نازانم بۆ لە خۆم هەڵدێم ڕادەکەم بۆ لای تۆ
من لە خۆم پڕ بووم بۆیە خۆم دەبینم تەنها لە تۆ
لەگەڵ هەر سەرکەوتنێک بەردەبمەوە بە دەستی تۆ.

**2024/11/5**

(18)

## خەڵوەت

گەورەییت بنوێنە بۆ جارێ وەرە خەونم
بیری نیگای پڕ لەسۆزت دەکەم با بتبینم
کە دەچمە ناو خەڵوەت هانات بۆ دێنم
نزا دەکەم لە خودا و تکای بۆ دەهێنم
بۆ ئەوەی لە ئاسمانی خەیاڵدا بتگەڕێنم
دڵم تینووی وشەی سۆز و ئەوینتە
خەزانی پایزم تینووی بارانی عەشقتە
ئەوەی تەرمی من دەکێشێ دابڕانتە
دەمێکە دڵ تامەزرۆی ساتی ژوانتە
هەوری ڕەش نیشتووە لە ئاسمانی ئەوینم
لە داخی تۆ خەریکە جەرگ و دڵم دەرهێنم
لە بێباکی تۆ وەختە عەرش و دنیا بهەژێنم
لە بێوەفایتدا ماڵی عەشقمان دەڕوخێنم
خامە و وشەکانم هەر بۆ تۆ دەنوسێ
خەونە تەواو نەکراوەکانم لێت دەپرسێ
پێ دەنێمە هەر شوێنێک وێنەی تۆ بەرەو ڕووم دێ
نیگای پڕ لە سۆزی ئەوینت لەبەر چاوم ون نابێ

گەورەییت بنوێنە وەرە ناو خەیاڵ و خەونم

با ئاشنات بێ هۆش و فکر و هزرم

من وەک تۆ بێباک و سۆز فرۆش نیم

وەفاداری خۆم دەنوێنم گەرچی پڕ برینم.

**2022/11/10**

(**19**)

## خۆم ناناسمەوە

لە غەرقی ئەوینی تۆدا ون بووم و خۆم نادۆزمەوە
بەجۆرێ داگیرت کردووم چەند دەکەم خۆم ناناسمەوە
بە باڵی بێوەفایت ڕۆحت بردم و لێت سەندمەوە
ئەی دلبەری دڵبەخش وەرە ڕۆحم بۆ بهێنەوە
لە بێ تۆیدا وا دەمرم و بەو خەمە دەتلێمەوە
ئەوەی دەمکوژێ گومانم هەیە بیرم لێ نەکەیتەوە
چۆن وا بە ئاسانی توانیت بەرگی دڵم بپۆشی
خۆ من گیانم کردە قوربانت و بە تۆم بەخشی
بەسە ئازار تاکەی شەڕابی مەرگم پێ دەنۆشی
وا خەریکە دەمرم و کوشتمی دەردی جودایی
ئەو هەمووە دڵ ڕەقیەت لەچی تاکەی بێدەنگی
چۆن توانیت پەنجەی نووسینم زویر بکەی و بیتەزێنی
خۆ من خامەی دەستم تەنها بۆ عەشقی تۆی دەنووسی
هیچ وشەیەکم نییە بۆ نووسین جگە لە پەشیمانی
گڕت لەو عەشقە مەزنە بەردا و بێباکانە ڕۆیشتی
سکاڵا دەکەم لای خوا ئەو حەقەم لە تۆ بستێنی.

ستۆکهۆڵم **2023/11/22**

(**20**)

## هەر بە تەنها

من چیم لێت دەویست تەنها بستێک شوێن لە دڵت نەبێ
تەنها سۆزێکی پڕ لە خۆشەویستی لە ناخت وجودی هەبێ
تۆ خەونێکی زۆر خۆش بووی، بووی بە ڕاستییەکی تاڵ
خۆزگە و هیوات هەڵوەراندم لە دنیای عەشق و خەیاڵ
وامدەزانی هەموو کوچە و کەناری دڵت شوێنەواری جێ پێی منە
خەونی منداڵی و خۆزگە و داهاتووی تۆ هەمووی موڵکی منە
نەمزانی فرمێسک و گریان میوانی ئەبەدی منە
داستانی عەشقمان بێ ناسنامە و تەنهایی منە
ئەو پرسیارەی کە مێشکم دەخوا و سەرم شێتی هەزار خەیاڵە
کە چۆن بێ من دەتوانی و ژیان بێ من لات شیرین و ئاڵە
بە هەنگاوی کورتی ئەوینت وشەکانم دەسڕمەوە
بە تووڕەیی دڵت پەرتووکی خۆشەویستیمان دەپێچمەوە
لە دووریتدا لە بەر تینی خۆری بێ ئاوابوونت دەپروکێمەوە
هەر بە تەنها مۆمی چەند ساڵەی عەشقمان دەکوژێنمەوە
ئێستا نازانم چۆن دڵم ژیر بکەمەوە
بە چ وشەیەک دڵنەوایی خۆم بدەمەوە
ئەو کەسەی لە ناو ناخ ڕۆحم دەتوایتەوە
ئێستا بووی بە دڕندە دەترسم لێت دووردەکەومەوە
هەر تۆ بووی ئەوین لە دڵتدا دەچۆڕاوە
ئێستا بووی بە بەفر بێباکانە هێدی هێدی توایەوە.

ستۆکهۆڵم **2023/6/23**

(**21**)

# گەر لێم بپرسن

گەر لێم بپرسن کە من کێم؟
پێناسەی تۆیان بۆ دەکەم
بڵێن ماڵت لە کوێیە؟
نەخشەی دڵی تۆ دەکەم
بپرسن کەی لە دایکبووی؟
ڕۆژی عەشقیان پێ دەڵێم
گەر بپرسن خەڵکی کام شاری؟
شەقامی خورپەی دڵ و ئەوینیان پێشان دەدەم
ئەگەر پرسیان چی شتێك ئارامی ڕۆحی تۆیە؟
ئەوە نەخشی چاوە پڕ سحرەکەی تۆیان بۆ دەکەم
گەر پرسیان ناسنامەت چییە؟
کتێبی خۆری ئاوابوونیان پێدەدەم
گەر پرسیشیان شوێن ئارامگەی تۆ کوێیە؟
وێنەی ئامێزی تۆیان بۆ دەکێشم
هەر تۆی پێناسە و ناسنامەی من
هەر تۆم دەوێ تا دوا هەناسەی ژین.

**ئەمستردام 2023/7/5**

(**22**)

# حەز دەکەم

حەز دەکەم سەردانێکی منداڵیم بکەم
لەگەڵ منداڵانی گەڕەک یاری بوکێنی بکەم
بگەڕێمەوە ئەو سەردەمەی کە ژیان زۆر ساکار بوو
تاکە خەفەتم ترسی شکانی یاریەکانم بوو
ئەوسا ماڵئاوایی و دڵشکان بوونی نەبوو
عەشق لەبەر چاومدا هەر ئامێزی دایکم بوو
خۆشەویستی لام تەنها ناز و سۆزی باوکم بوو
ژیانم بەقەد قەبارەی ماڵ و گەڕەکەکەمان دەبینی
سۆز و خۆشەویستیم لە ناو چاوی هەموو کەسێکدا دەبینی
خۆزگە تەمەن بەرگی منداڵی دەپۆشی
ئەوسا نزام دەکرد کە گەورەبوون بوونی نەبێ
خۆزگەکانم لەناو سینگی هەورێکدا دەبینی
وام دەزانی گەورەبوون وەک پەیژە سەرم دەخا بۆ بینینی
نەمزانی ڕۆژگار بە تووڕەیی و ڕەقی خۆی دەمڕوخێنی
هەرچی ئاواتم هەیە وەک پەڕەی گوڵ دەیوەرێنی.

تالین 2023/7/29

(**23**)

## ڕۆژێک دادێ

ڕۆژێک دادێ یادەکانت لەناو پێچاوپێچەکانی کۆڵانی بیرەوەریم دەربکەم
ڕۆژێک دێ دەکەویە سەر ئەژنۆ بۆم منیش دەردی دڵم چارە دەکەم
چیرۆکە تەواو نەکراوەکەمان
بە داڕشتنی وشەی بێوەفایی تۆ تەواو دەکەم
ووتە و پەیمانەکانت بە تەنافەی بێباکی دڵت هەڵدەواسم و ڕیزی ئەکەم
بە پەتی بێوەفای ڕۆحت لەئەو دڵەی کەتۆی هەڵگرتبوو لە سێدارەی دەدەم
داستانێکت بۆ دەنوسم هەموو چیرۆکنووسەکان فەنادەبن ڕیوایەتت دەکەم
هەموو نامە و یادگاریەکانت لە ژێر پێمدا ورد و خاش دەکەم
ستەمی خۆم دەکەمەوە ئەگەر تەمەن ڕێگا بدا منیش بەو ڕۆژە دەگەم
دەست لەسەر دڵم دائەنێم هەموو دەرگا و پەنجەرەکان بەڕووت دادەخەم
سەردەکەوم بەسەر پشتی هەورێکدا بە ئاسمان دەگەم
بێباکی و غروری تۆ لەگەڵ بروسکەی هەوردا دەشکێنم بە زەویت دادەدەم
ئەو کاتە تۆ لە زەوی و من لە ئاسمان
کڕنۆشم بۆ دەبەی بەدەم گریان
هەرگیز ئاوڕت لێ نادەمەوە وەک جاران
ئومێد ناکەم بۆ خۆزگە و داستانی عەشقمان
تەمەنێک لە چاوەڕوانی ئێستا
دەزانم ئەوینت چی بوو تازە لێت تێدەگەم
ئەگەر ببیە تۆبەکاریش هەرگیز لە گوناحەکانت خۆشنابم

تۆ بووی ببووی بە قوربانی مشتێ خاکی بەر پێم

کەعبەت لێ وون ببوو وەک پەپوولە دەسوڕایەوە بەدەورم

بوێرانە ڕوو بەڕوو هاوارت دەکرد و کرنۆشت دەبرد بۆ عەشقم

وەفات نەبوو بۆ پەیمان و ئەوینت یادگاریەکانت جێهێشت بۆ خەیاڵم.

**2023/11/4**

(24)

## ژەهری جودایی

ئاسمان لە دەنگی ناڵەی من ئاشنایە
دەریا لە غەرقی خۆزگەی من بە ئاگایە
ئەوە چ خەم و دەردێکە لە دڵی من دایە
دەزانم ژەهری جودایت بۆ من لە تەڵە دایە
چیت پێ بڵێم کە هەزار خەنجەرت لە دڵم دایە
ئازیزم بەختەوریم بە داری دابڕانت مەچێنە
باخی پێکەنینم بەدڕکی بێوەفایت مەڕەنجێنە
قسەی خۆشم بۆ لەبەرکە درەختی وەفاداریم بۆ بچێنە
باوەشی عەشقم بۆ بکەوە داری ئاسودەیم بۆ بڕوێنە
گلەیی عەشقم لێبکە نەرم نەرم بمدوێنە
بە ڕازی دڵت گوڵی ئەوینم بەسەر ببارێنە
دوور مەکەوە لێم باران لە هەور مەتۆرێنە
ئەلبومی یادەوەریم نوقمی هەناسەی حەسرەتت مەکە
وەرە پیاسەیەک بکە بۆ ناو شەقامەکانی دڵم بزانە چەند عاشقە
گلەیی دڵتەنگیم بپچڕێنە بۆنی ئەوینم بۆبێنە
بسکی وشەکانم بگرە ئیلهامی شیعرەکانم بلاوێنە
نازی گوڵدانی شیعرەکانم هەڵگرە وشەکانم مەڕەنجێنە

بەپەنجەی بێوەفایت هۆنراوەکانم مەوەرێنە
من چیبکەم لە خەمی دەردی بێ دەرمانم
تۆ ژەهری جودابیت دا لە دڵ و گیانم
داخم بۆتەمەنی پڕ لەنەهامەتی و دڵی شکاوم
تۆ نازانی گەنجیەتیم چەند سکاڵای هەیە لە ژیانم
چۆن دڵت هات بەرگی خەفەت بکەی لەبەر شیعرەکانم
ئەگەر هاتی پەرداخی شیعرت بۆ دەکەم بە پێکی ژوانمان
قەسیدەی نوقڵت بۆدەخەمە ناو گیرفانی عەشقمان
مەملەکەتی یادەوەریت پڕ دەکەم لە وشەی ئەوینمان.

**میسر 2023/11/7**

(**25**)

## باوەشی مەرگ

ئەمشەو لە باوەشی مەرگ گیانم دەدا
لە تاسەی دووری تۆ بە هێواشی هەناسەم دەدا
نەرم نەرم لەگەڵ بیرەوەریەکانت خەیاڵم ئەدا
سەیری چاوی پڕ لە عەشقم دەکردی ڕۆحم دەدا
تۆش بە هێمنی هاتی پێکی عەشقت پێمدا
ڕازی دڵت درکاند و چاوت لە چاومەوە نا
لە پڕ دەرگاکانی دۆزەخ بە ڕوماندا داخرا
خۆشی هەموو دنیا هات بەرەو ڕوماندا
پیاڵەی شادیمان بە ڕووی یەکتردا دادا
لە حەسرەتی پاڕانەوەی ڕۆحم هاتم بە ئاگا
زانیم و حاڵی بووم ڕاستی نییە خەون بوو ئەوسا
تۆ نازانی چی ئازارێک هەیە لە گیان و ڕۆحمدا
بەسە وەرەوە لەو دۆزەخە دەرمبێنە و بگەڕێوە
هەموو یادگاری و ساتە خۆشەکان بە هەڵەیەک مەسڕەوە
وەرە ڕۆحم دەربهێنە و بۆلای خۆتم بەرەوە
با بە عەشق و خۆشەویستی ژیان ببەینەوە.

**میسر 2023/11/9**

(**26**)

## ئـەمڕۆ

ئەمڕۆ مەملەکەتی دڵم ڕووخا
دڵ لە ماڵی خەون و خۆزگەم دابڕا
تەرمی عەشقی ڕۆحم بەغەدر نێژرا
لە گۆڕستانی نامۆیدا بە خاک سپێردرا
ئەمڕۆ ماتەمینی هەموو شاری پۆشا
دەرگای خۆشبەختی لە گشت لا داخرا
ئەستێرەکانی ئاسمان خامۆش کرا
شەپۆڵەکانی دەریا لە جوولە وەستا
دارەکانی شەقامی ئەوین ماتەمینی گێڕا
زەنگی خۆشەویستی شەرمەزاری لێ دەتکا
خونچەی باخی ئەوین لە تینویەتی پوکا
گەڵای عومرم لە داری خۆزگەم هەڵوەڕا
ئەمڕۆ شیوەنی عەشقێکە لە ماڵێکی بێ چرا
ئەمڕۆ هیوای تەمەن ماڵئاوایی لێکرا
ڕازی دڵم بوو بە دڵۆپێک و بەخور دەگریا
پەیکەری دڵم لە هێلانەی بێباکیتدا ڕووخا.

**2022/6/18**

(**27**)

# ڕەشەبایی توڕەیی

ئازیزم ئەو ڕەشەبایی توڕەییە چی بوو؟ چیای ئەوینی ڕووخاند
نزای چ زاڵمێک بوو ئێمەی وا لەیەک ترازاند
دوعای چ مەزلومێک بوو منی بەو ڕۆژە گەیاند
گڕی بروسکەی کام هەور بوو دڵی هەردووکمانی سووتاند
نازانم ئەو قەدەرە شوومە چی بوو تۆی بە من ناساند
ئاگری عەشقت گڕی دا لە ڕۆحم و هزر و هۆشمی شێواند
ئەو هەورە بێ ڕەحمە چی بوو بارانی عەشقی بەسەرمدا باراند
تا دوێنێ ئەو عەشقە داستانێ بوو پڕ لە ئەوین
ئاسمانێ بوو پڕ لە ئەستێرە و عەشقێکی زۆر بەتین
ئەمڕۆ لێم بووی بە بێگانە و بووی بە حەسرەت لە سین
چەند بیری ئەو ساتانە دەکەم کە تۆم هەبوو لە ژین
دنیای من بێ تۆ هەمیشە شەوە زەنگە
وەرزی من هەردەم بێ بەهار و بێ ڕەنگە
ئەوەی من دەکوژی تەنها ئەو بێ دەنگیەتە
وەرە بە هاتنەوەت زیندووم بکەوە
من لێرە دەمرم وەرە ڕۆحم بەرەوە
چیبکەم دڵم لام نییە و لای تۆ جێماوە
لەو کاتەی جێم هێشتی ژیانم نەماوە.

**2023/12/2**

(**28**)

## من کێم؟

من هەستێکم پڕ لە دابڕان
ئازارێکم نوقمی ئێش و ژان
من گڕێکم پڕ لە حەسرەت و تین
دڵێکی شکاوی ناو بەحری ئەوین
من ئۆقیانوسێکم پڕ لە تاوان
هەورێکم نوقمی بروسکە و باران
پایزێکم غەرقی گەڵاڕێزان و خەزان
مەملەکەتێکم پڕ لە تەلار و ڕووخان
من باخچەیەکم پڕ لە دڕکی ژین
قوربانییەکم بەدەست ناپاکی و قین
من دۆزەخێکم پڕ لە سووتان
زمانێکی حەقم لە بێباکی و ویژدان
ناخێکی مردووم بە دەستی ئازیزان
ئامانجێکم بۆ نەبردنەوەی ژیان
من دەناڵێنم لە دەست نەیاران
پەروەردگار پێم بدە سەبر و ئیمان

له دوایی مەرگم بۆم مەکەن شیوەن
مەیەن بۆ گۆڕم بە سۆز باسم بکەن
برینم قووڵە و ماندووی ژیانم لێم تێبگەن
با دڵم بسرەوێ ئارامگەم لێ تێك مەدەن.

**2022/7/16**

(**29**)

## تاسەی دووریت

من لە باوەشی مەرگ وا گیان دەدەم
تۆش بێباکانە شەرابی بێوەفایی هەڵدەدەی
من لە تاسەی دووریت هەموو ساتێ ڕۆح دەدەم
تۆش بێ بەزەییانە دەرگای عەشقم لەسەر دادەخەی
وشەکانی پڕ لە عەشق و بیرەوەرییەکان دەرناچێ لە یادم
ڕۆحت تێکەڵ بە خوێنمە تۆش بێ ڕۆحمانە گوێی پێ نادەی
بۆ کێ منت لە خۆت کرد زۆر تامەزرۆم بزانم
خەمت لە دڵم ناشت و تەمەنت بە کێ دەدەی
ماندوو بووم هێندە لە باوەشی بێگانە بتبینم
ئەی قەدەری ناقەدەر تاکەی زوڵمم لێ دەکەی
نازانم چی بنووسم و چۆن چیرۆکی ئەوین تەواو بکەم
لە دڵ و دەستم نایە باس لە بێوەفایت بکەم
نزا دەکەم لای خودا و حەقی خۆم بەو دەدەم
تۆ لە دڵی خۆتدا زیندانی هەتاهەتایی و ئەبەدیت کردم
کوا ئازار شێوەی دەبینرێ ئەی عەشقی تەمەنم
تۆ هەست ناکەی چۆن دەرت هێنا ڕۆح و گیانم
بە دونیای خەفەتت ناساندم تا درێژایی ژیانم

بێ تۆ من نەمام هاوار ئەی ڕەفیقان و یارانم
تەگبیرێ بکەن بۆ دڵەی شێتم و چارەیە ئەی دۆستانم
لە تاوی یار وا دەمرم خوێن دەچۆڕی لە دڵ و گیانم.

**ستۆکهۆڵم2023/12/2**

(**30**)

## ڕۆژی خۆشەویستی

ئەمڕۆ خۆر ئاوانابێ لە پەڕتووکی ژیان
مانگ لە پێشوازی دادەبێ بۆ ئەوین و دڵداران
ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە دەبنە چراخان
لە سەمای ئەشق دادەبن هەور و ئاسمان
دەریا و زەریا پێدەکەنێنن
شەپۆڵەکان دەوەستێنن
بێدەنگی شار ئارامی دەنوێنن
میللی سەعات خولی لە بیردەچێ
ئاوازی ئەوین لە هەموو شوێنێکی
شاردا بەر گوێ دەکەوێ
دارەکان بەدەم سەماوە خەندە دەنوێنن
چراخانی شەقام بە بزەوە ڕووناکی دەگیرسێنن
هێدی هێدی عاشقان دێن
بە ناو شەقامی شاردا دەڕۆن
درەختەکانی سەر شەقام سوجدە دەهێنن
باخی ئەوین لە ژێر پێکاندا گوڵ دەڕوێنن
عاشقان بەڵێنی بۆ یەکبوون نوێ دەکەنەوە

تا دوا هەناسە بۆ یەك دەتوێینەوە

تا دواچرکەی ژین بۆیەك دەژێینەوە

گەڵای زەردی تەمەن هەڵدەوەرێنن

خونچەی باخی ئەشقیان لە نوێ دەڕوێنن

تا دوا ساتی ژیان بۆ یەکتری دەمێنن.

**2023/2/14**

(31)

## پەیکەری تۆ

لە تێروانینی چاوی پڕ لە عەشقی تۆدا گیرۆدە بووم
لە هاوار و ناڵەی سۆزی تۆدا ئەسیری ئەوین بووم
من لە ناسینی تۆدا فێری پەرستن بووم
پەیکەری تۆم داتاشی و بوو بە پەرستگا بۆم
من دڵم لە چاوی خۆردا بۆت بە جێما
تا ئێستاش شەقامی ئەوین گلەیم لێ دەکا
سەرتاپای شار باسی داستانی عەشقی تۆ دەکا
چرا و دارەکانی سەر شەقام شایەدیت بۆ دەدەن
باس لە گڕی خۆشەویستی تۆ ئەوینت دەکەن
چۆن هاوارت دەکرد دەتووت وەرە دەستم بگرە
با ڕێگای ژیان پێکەوە بگرین ڕێگام لەگەڵ بگرە
لە جەنجاڵی ئەم ژیانە سەختەدا دەستم لێ هەڵمەگرە
لێرەدا گلێنەی چاوم بۆت ڕادەخەم تا پێیدا بڕۆی
ڕۆحم لە تۆدا دەپۆشم دەیکەمە فەرشی بەختەوەری تا نەڕۆی
چیم ناوێ لێت تەنها بستێک شوێن لە دڵت نەبێ
تەنها سۆزێکی پڕ لە خۆشەویستی لە ناخت وجودی هەبێ
هەموو کوچە و کەناری دڵت شوێنەواری جێ پێی منە

خەونی منداڵی و خۆزگە و داهاتووی تۆ هەمووی موڵکی منە

من لە عەشقی تۆدا سەرتاپا شکاوم

لە ژێر پێی خۆتدا چیای غروریت ڕووخاندم

بە بێ تۆ من تەنها پەرتوکێکی داخراوم.

**2023/12/13**

(**32**)

## سەیرم بکە

سەیرم بکە لە تاوی عەشقی تۆ بە چی گەیشتم
سەیرکە لەتاوی تۆ بۆ بەرەو کام بیابان ڕۆیشتم
ببینە لە دەست تۆ تکا و هانا بۆ چی دێنم
هەموو چرکە و ساتێک بەرەو تۆ دێم و خۆم لە تۆ دەبینم
ڕوو لە هەر کوێ بکەم نیگای تۆ بەرەو ڕووم دێ هەر تۆی دیدەنم
هاتنی تۆ بۆ لای من فێرە خووی کردم
لێدانی دەنگی دڵی تۆ تووشی عەشقی کردم
من بەدوای سەرابی شوێنەکانی پێی تۆدا کەوتوم
پێم بڵێ لە کام دێری شیعرەکانم دەستت لێ هەڵگرتم
لە کوێی چیرۆکەکەمان بزر بووی خۆت لێ ون کردم
ئێستا چۆن چیرۆکە نەبیستراوەکەی عەشقمان تەواو بکەم
پەنجەکانم خامە ناگرێ چۆن باسی بێوەفایت بکەم
لە بیرتە چەند دڵخۆش بوی بەو چیرۆک و ئەو عەشقە؟
چەند بەتامەزرۆ بووی بۆ تەواوکردنی ڕیوایەتی چیرۆکەکە
پەنجەکانمت لە خۆت زویر کرد تۆمار نابێ داستانەکە
ئەی ئەو عەشقەی لە دنیای ئەویندا هەر تۆ دەبینم
ڕوو دەکەمە هەر شوێنێک چاوی پڕ لە حەسرەتت دەبینم

تۆ ئەو خۆرەی کە لە وڵاتێکی بەفر و تەزیودا هەر تۆی گڕ و تینم
نازانم لەکوێی ئەو زەمینە بدۆزمەوە
لە حەسرەتی تۆ ڕۆژمێرەکەم پڕ دەکەمەوە
بە خەیال خۆم لە ئاسمانی ئەوین و ئامێزت دەبینمەوە
چرای ماڵی عەشقمان ڕوناک دەکەمەوە
هێندە خەم و ئازارم چێشت دنیات لە بیربردمەوە.

**2024/1/9**

(33)

## ماڵئاوا

ماڵئاوا ئەی بێباکترین کائینی دنیای ئەوین
ماڵئاوا ئەی بە ئازارترین بونەوەری زەمین
دڵڕەقترین عاشقی سەر ڕووی گەردوون
ئێستاش دڵ هەموو ساتێ لەگەڵت دەدوێ
وشەکانت لە بن گوێمدا دێت و دەچێ
یادگارییەکانت لەبەر چاومدا لاناچێ
نزا دەکەم لە یەزدان هیچ جێگات نەهێشێ
لەبەر ئازاری ویژدانی ناخت ئارامیت نەبێ
بەختەوەری هەرگیز ڕێگات پێنەگرێ
پێت وا نەبێ خۆشبەختی من لە گیرفانی تۆ بێ
بە ڕۆیشتنت هیواکانمت لەگەڵ خۆت بردبێ
تەنهایی ڕۆحم ئاشنایی بە دەستی تۆ بێ
سوێند بێ بە توورەیی و ڕەقی دڵت
سوێند بێ بە قەبارەی بێباکیت
بە فراوانی ئاسمانی بێوەفایت
ئەوینت دەخەمە ناو زبڵدانی بێ بەڵێنیت
سکاڵا دەکەم لە خودای ئەوین
لێت خۆش نابم تا دوا چرکەی ژین.

**2022/9/2**

(**34**)

## ئەی مانگ

چەند لە پایز دەچم ساتێ ڕەشەبای تووڕەیی
غەدرم لێ دەکا و زەرد هەڵدەگەڕێم
چەند لەو دەچم کاتێ دڵ دەشکێ و حەزی هیوام
بێ ئومێد دەکا و وەک گەڵا هەڵدەوەرێم
چەند لە زستان دەچم کاتێ خۆزگەکانم
لە باوەشی بەفرێکی تەزیودا دەبینم
لە ساردی و سڕی ئەو کیشوەرە چۆلەدا خەونەکانم دەخنکێنم
هەست دەکەم دنیا بە قەد باڵای خۆم نەدرواوە و ناچێتە بەرم
بەرگی شادی ڕقی لێم داگرتووە و ناکا بەختەوەرم
ئاسودەیی لێم زوویر بووە و لێم دوو دڵە و ئارام ناکا هۆش و هزرم
خۆ من شیعر نەما لە ژێر پێی سۆز و بەختەوەری نەیهۆنمەوە
وشەی خۆشەویستی نەما لە جوانی سروشت نەیڕازێنمەوە
خۆ من دڵم لە هەموو شت دابڕی بۆ ڕۆژگارم هێشتەوە
وەرە ئەی مانگ دەستم بگرە و ژیرم بکەرەوە
هەموو شەوێ بۆم دەرکەوە و خۆتم لێ مەشارەوە
وەرە ئەی خۆر بە تیشکی ڕۆحت فرمێسکەکانم بسڕەوە
لە جەنجاڵی ئەو ڕۆژگارە سەختەدا دڵنەوایم بدەوە

وەک جاران بە بۆم خۆری بێ ئاوابوونم بۆ بگەڕێنەوە
ئەی دەریای ئارامبەخش وەرە بە جوانیت ڕۆحم بەرەوە
هەرچی ئازارم هەیە بە کەشتیە شکاوەکانت بیبەرەوە
شەپۆلەکانت ڕاسپێرە خۆزگە و هیواکانم بۆبهێننەوە
با نەبم بە دۆستی خانووە ڕوخاوو و کەشتیە شکاوەکان
بمکەن بە کۆتری ئاشتی و لووتکەی مانەوە و پێکەوە ژیان.

ستۆکهۆڵم **2024/1/7**

(35)

## لافاوی خەم

دیسان لافاوی خەم بەرۆکی خەفەتی گرتم
بێ ئومێدی بەخوڕ باوەشی پێداگرتم
فرمێسکی چاوانم غەرقی بارینی کردم
خامەکەم تاکە هاوڕێمە کە دڵنەوایی کردم
هەرچی وشە هەیە بۆی داگرتم
پەرتووکی ژینی بە نووسین بۆ داڕشتم
تۆی خامەی دەست و پەنجەکانم
تۆی ڕۆح و ناوونیشانی پەرتوکەکانم
تۆی ئیلهامی هەموو شیعرەکانم
ئێستا چیبکەم ئەگەر دڵ هەر تۆی بوێ
بێ تۆ دڵ ئارامی نایە و هەرگیز ناسرەوێ
وەك منداڵ داوای تۆ دەکا ئۆقرە ناگرێ
قینی گرتووە لێم بووە بە دێوانە بەدواتا دێ
لە کوچە و کۆڵانی شاردا بە دواتا دەگەڕێ
تەنها پێنووسەکەم سوکنایی دڵمە
ئەو تاکە هاوخەمی تەنهایی ژینمە
یاریدەدەر و ئارامی ڕۆح و هەستمە

هەڵڕێژراوی دڵ و ناخی ئەوینمە
لە دوایی مردنم هۆنراوەکانم ڕۆحمە
گۆڕستانی من وشەکانی پەرتووکی خەممە.

**2022/2/23**

(36)

# هەست ناکەی

بۆ هەست ناکەی خۆ من لەناو کونیلەی شادەمارەکانی دڵتدا چەقیوم

بۆ نامبینی کە من ڕەشماڵێکم هەڵداوە لەبەردەم دەرگای ماڵتان نیشتەجێ بووم

دێی و دەچی لەبەر چاوم سەر هەڵئەبڕی نیگاکانت گیرۆدەی کردووم

لەبیرت چوو بە نیگای سۆزی مەستی چاوەکانت گەورەت کردم

بۆ بۆن ناکەی کە من لەناو کونجی گوڵدانی ماڵەکەتان خۆم حەشارداوە چرۆ دەکەم

بەبزە و خەندەی لێوت کە سەیرم دەکەی هێدی هێدی گوڵ دەردەکەم

ئاگام لێ بوو چۆن بە دەستە لەرزیوەکەت دەستت لە قژم ئەدا دەتووت بەیادی یەکێ

گوێم لێ بوو چۆن چرپەت دەکرد دەتووت ئەم گوڵە جوانە لەڕەنگی یەکێک دەچێ

نازانم بۆ هێندە شیرینە لە دڵم و خۆشم دەوێ

چاوم لێ بوو چۆن نیگات دەکرد لەگەڵ دڵتدا قسەت دەکرد

دەتووت بەسە دڵم چیت لێم دەوێ

بۆ هەست بەگەرمی دەستم ناکەی کە لە ناو گیرفانی چاکەتەکت دایە

بۆ درک ناکەی کە چۆن خۆم لە ناو ئامێزی پڕ سۆزی تۆ گرێدایە

ئەو تاسانەی بە دڵت دادێ ئەوە هەنسکی گریانی منە کە فرێوتدایە

ئەو چرپانەی بە گوێت دادێ ئەوە زەنگی منە

لەدەرگای دڵت ئەدا تاکەی بەخەیاڵت دانایە

ئاوازی عەشقم لەگەڵ سەمفۆنیایی دەنگی دڵت

سەما دەکا بۆت دەژەنێ بۆت دەکا لایلایە

وەرە من دەفتەرێکی بەتاڵم

لەناو کتێبخانەی عەشقی تۆدا بەند کراوم

وەک تابوتێکی بێ ڕۆح

لە ناو مۆزەخانەی وڵاتێکی داگیرکراو ئەسیرکراوم

با نەبم بە تانە و توانجی خەڵک شەڕی سروشتم پێ مەکە لە هێز کەوتووم

چۆن دەتوانم جەنگت بۆ بکەم کە تۆ نەبێ عەرشی خەیاڵ بۆ کێ دروست بکەم.

**2025/5/14**

(**37**)

# خۆزگە

لە تەنهایی خۆمدا هەموو ساتێکم مەرگە
من لێرەدا دەمرم یاریشم زۆر بێ دەنگە
سەرتاپەی ژیانم تاریک و شەوە زەنگە
بەهارم خۆشدەوێ چونکە تۆی پێناساندم
دڵم زۆر زیزە لە پایز کە لە تۆی ترازاندم
بێوەفایی و بێباکی تۆ زۆری تاساندم
چۆن بتوانم گلەیی بکەم لە ڕۆژگار و قەدەرم
کە من سووتاوی دەستی ئازیزی دڵ بم
نازانم بێ تۆیی چیبکەم و چۆن بژیم
خۆزگە تاریکی شەو هەموو خەمەکانی دەپۆشییەوە
هەرچەند ڕەش بێ برینەکانم ناشارێتەوە
حەسرەتی دڵم بە هیچ ناسڕێتەوە
هێلانەی دڵم ئەسیری دەستی تۆیە
دەمێکە ڕۆحم عەشقی دڵی تۆیە
تێگەیشتم عەشقت هەموو درۆیە.

**2022/12/9**

(38)

## چیکەت دەویست

من کە هەموو عومرم خستە بەر دەستەوە
جوانی ژیانم نەویست خستمە ژێر پێتەوە
شەرمم شکاند و خستمە ژێر خاکەوە
بوێریم پچراند هۆنراوەی جوانم بۆت هۆنییەوە
دە پێم بڵێ ئیتر چیکەت دەویست
بێباکانە دڵی منت کردە حەسرەت
نازانم بۆ بە ئازاردانی من دڵ خۆشیت
بە شکانەوە و بچووک کردنەوەی من بەهێز دەبیت
هیچم لە تۆ نەدیت جگە لە دڵ تەنگیت
ئەی دڵەی بریندارم چەند گیرۆدەیت
چیتر نە چاوەڕێت دەکەم و نە بیرت دەکەم
نە شیعری جوانت بۆ دەنووسم و نە بەسەرت هەردەڵێم
خەونەکانم لە چاوی هەورێکدا دەبینم
بووم بە دێوانە و لەگەڵ خۆزگەکانم دەتدوێنم
هیچ ڕێگایەک نەما کە بمدۆزیەوە
مەگەر تەنها خەیاڵ من و تۆ کۆبکاتەوە
بێ تۆ ڕۆژگارم بێ خۆرە و بێ تروسکەیە

شەوانم بێ تۆ تاریکە بێ ئەستێرەیە
لەگەڵ هەر هەناسەیەک ئاهی تۆ لە سینەمدایە
دەچمە هەر شوێنێک وێنەی تۆ لەبەردەمم دایە
تۆ نازانی تووڕەییت چۆن ڕێگای لێ گرتم
لە کۆتا ڕێگای ژیانمان دەستت لێ هەڵگرتم
خەم بۆ میوانم و دەرگای خۆشیت لەسەر داخستم
پەیمانەکانت سپارد بە هەور و باران
منیش خستە ناو ڕەشەبا و زریان
فرمێسک و گریان بوو بە پیشەم تا کۆتایی ژیان.

**2024/1/17**

(39)

# بەسەرهاتی عەشقمان

زەنگم بۆ تریفەی مانگەشەو لێدا تا هەواڵی تۆم بۆ بێنێ
هانام بۆ باڵی خەیاڵ برد
لە خەودا لەگەڵ تۆ بمگەڕێنێ
ئاسمانم ڕاسپارد ئەشقی من
لە دڵتدا ببارێنێ
تکام لە دەریا کرد لەگەڵ شەپۆڵدا تۆم بۆ بێنێ
تریفەی مانگە شەو ڕقی لێم داگرتووە هەواڵی تۆم بۆ ناهێنێ
ئەندێشەی خەیاڵ باڵی ناپاکی و بێوەفایی هەڵناگرێ
ئاسمان دەقریشکێنێ هاوار دەکا
لە بن گوێمدا دەڵێ ئاسمانی بێگەردم
هەوری بێباکی لە خۆی ناگرێ
دەریا کەوتە سەما
لەگەڵ شەپۆڵدا خەونەکانم دەخنکێنێ
نە تریفەی مانگەشەو گوێی لێ گرتم
نە تۆش وەک جاران ڕێگات پێ گرتم
دەریاش لەگەڵ شەپۆلدا تۆی بۆ جێنەهێشتم

منیش لە گەردوونی بێباکی تۆدا

فرمێسک دەبارێنم

بە نائومێدی لە ئەلبومی ڕابردوی

ژیانم دەڕوانم

بەسەرهاتی ئەشقمان وەک فیلمێکی ناوازە دێتە بەر دیدەنم

چۆن دڵت هات وا بە ئاسانی گڕ بەردەی لە عەشقی تەمەنم

بمسڕیتەوە لە ژیان و جێم بێڵی و لە تەنهایی ئەوینم

**2021/5/23**

(**40**)

## وەرەوە بەسە

وەرەوە بەسە وەک جاران بەدوامکەوە و هاوارم بۆ بکە
بوێرانە ڕێگام پێبگرە بڵێ عەشقەکەم ژیانم لەگەڵ بگرە
شەقامی ئەوین چاوەڕێت دەکا وەرە بانگم بکە
وەک جاران بکەوە سەر ئەژنۆ بەڵێن و پەیمانم پێ بدە
چاوی پڕ لە نازت بکەوە با شەو خۆی بپێچێتەوە خۆر هەڵبێ
کاتێک کە دەردەکەوی مانگ سەری لێ دەشێوێ
بەبوونت جریوەی ئەستێرەکان خامۆش دەبێ
دەریا ڕەنگ لەدەست دەدا جوانی نامێنێ
ئاسمان شەوانی تاریکی خۆی لەبیر دەچێ
تۆ ڕووناکی ئەدەی بەتریفەی مانگە شەوی من
دڵۆپەی ئومێد دەدەی بە ئەندێشەی خەیاڵ و خەونی من
تۆ ئەو عەشقە شێتەی کە دەرناچی لە فکر و هزری من
سەرم گێژی هەزار خەیاڵە
وخەریکە شێت ئەبم
کە تۆ بیرم لێنەکەیتەوە و گومان
لە خۆشەویستیت دەکەم
هیچ وشەیەک نەما تا بیکەم بە

شیعر و بۆت بنوسم

هەر تۆی دەرمانی دەردی من ئێ من چیبکەم

لە نیگای چاوانت جوانی ژیان دەبینم

لەڕوخسارت هیوا و ئومێد بەدی دێنم

تا دوا چرکەی ژینم بە هەناسە ناوت دەهێنم

داخی گرانم بۆ دڵەی بریندار و پڕ لە حەسرەتم

نازانم چۆن ژیری بکەمەوە ئەو دڵەی پڕ لە ئێشم

با بمێنێ ئەو عەشقە لە دڵەی شکاوم تا دوا تەمەنم.

**2023/5/31**

(41)

## درک ناکەی

تۆ تا ئێستا درک بەوە نابەی
کە چۆن هێلانەی عەشقت ڕووخاند،
بە پەتی بێوەفای ڕۆحت
هەستی منت خنکاند،
بە ناخە پڕ لە قین و ڕەقەکەی
دڵت ماڵی دڵمت شێواند،
بێ ئاگا و هێدی هێدی کاولت کردم
ئەو بێباکیەت شەرمەزاری ئەوینی کردم
ئاسمانی عەشقت بێ ئەستێرە کردم
مێژووی ئەوینمان بێ ناسنامە کردم
خۆر لە چاوەڕوانیدا هێزی لێ بڕاوە
لە بێباکی و بێوەفایی تۆدا سەری سوڕماوە
باڵی خەیاڵ لە بێباکی تۆ سەری لێ شێواوە
وشەکانم دەبینم لە ڕووخساری شەرمەزاری تۆدا چۆن عارەق دەکەن
دەریای خۆشەویستمان بۆنی بۆگەن دەکەن
خۆ من عەشقی منداڵی و چیرۆکی تەمەنت بووم
هیوای دواڕۆژ و ئومێدی داهاتووت بووم

خۆری بێ ئاوابوونی ژین و ژیانت بووم
چۆن توانیت وا بێباکانە لە بیرم بکەی
ماڵی دڵم سەر لێشێواو وا بێ ناز بکەی
نامەکانم نەخوێنیتەوە و فریوم بدەی
لە ژین بمسڕیتەوە و گوێم پێ نەدەی.

ستۆکهۆڵم **2021/5/4**

(42)

## بۆچی ئەوها بۆ

تێناگەم تۆ چ دەردێکی لە ناو هێلانەی دڵم
بە شێرپەنجە دەچی کاتێ دەڕژێیتە ناو جەستەم
نەرم نەرم ژەهری جودایت دەرژێنی بەناو گیانم
خەم ناخی خواردم ئازار تێکەڵ بووە بە شادەمارەکانی خوێنم
ئێستا چۆن دەرتبێنم لە ناو گیان و ڕۆحم
من چیبکەم بۆ ئەوەی تۆ لە بیرەوەریم دەر بکەم
من بۆ تۆ خەون نەبووم لە خەیاڵی یادەکانت وا دەمرم
گەڵای تەمەن چرۆ ناکا هەر خەم دەنۆشم
تۆ نوقمی سەیرکردنی من بووی ئێستا بۆ سەیرم ناکەی
کاتێک کە دەردەکەوی بەنیگای ئارامت پەردەی خەم لەسەر دڵم لادەدەی
بەرگی شادیم پێ دەپۆشی پۆشاکی خەفەتم لەسەر لائەدەی
تۆ کانیاوی ژیانی بۆ عەشقی من هەر دەمێنی
ئەی عەشقە شێتەکەی من تۆ ئیلهامی دڵ و شیعری منی
تۆی ئەفسانەی دێری من بەهەشتی خەیاڵمی
تۆی عەشقی ئەبەدیم تۆ مانای جوانی ژیانی
هەر شیعرێ دەنوسم بۆنی عەشقی تۆی لێدێ
لە گەرمی نیگای چاوەکانت هەتاوی ژیانم هەڵدێ

خەندە و بزەی شیرینت هیوای ژیانم پێ دەبەخشێ

هەنگاوەکانت بۆلام جوانی و ڕووناکی دەڕژێنێ

نیگای چاوەکانت ئەستێرەی ئەوینی من بوو

خۆر ئێشگری جوانی عەشقی من و تۆ بوو

ئاسمان شەوی تاریکی خۆی لەبیر کرد بوو

ئەوەندە سوڕایەوە بە دەورم بۆیە کەعبەت لێ مەنع ببوو

لە بێ تۆیی خامەم چرۆ ناکا گوڵدانی شیعرم وشک بوو

ئێ دەپێم بڵێ ئازیزم بۆچی ئەوها بۆ

ماڵی دڵمت جێهێشت زۆر بەبێ هۆ.

**2023/7/20**

(**43**)

## له بێ تۆیی

گیانی من له بێ تۆیی من تەنها بووم بێتاقەتی دەوری گرتم

له دوایی تۆ ژیان پێکەنینەکانی لێ بردم و گریانی پێ فرۆشتم

ئازار خۆی کۆکردەوە بۆ میوانی ئەبەدی دڵی ماندوو شەکەتم

بیرەوەریەکانت جێم ناهێڵێ بەردەوام دێنە زیارەتم

خەندەکانم کۆچیان کرد و شین و گریان بۆ تاعەتم

دڵم له پێ کەوتووە قاچ ناگرێ گاگۆرکێ دەکا بۆ لای تۆ دێ

کۆرپەی دڵم بە فرمێسکی سۆزی چاوت وا خەریکە پێ دەگرێ

بە ناز و سۆزی ئەوینت هێدی هێدی گەورە دەبێ

هەنگاو دەنێ نەرم نەرم بەرەو دەرگای دڵی تۆ دێ

چاوی پڕ فرمێسکت بە تەنافەی گەرمی دڵم وشک دەبێ

ناز و عەشوەت هەڵدەگرم تا چیتر دڵت نەڕەنجێ

دەبمە ئێشگری دڵت میوانی ڕۆحت دەبم تا چاوت بۆ کەس نەبێ

هەنگاوەکانت بۆلام له قاچی منداڵێکی ساوا دەچێ

ترپەی دڵت له شەپۆڵی دەریایەکی کش و مات دەچێ

وەک تەیرێکی بێباڵم له جێگەی خۆم چەقیوم باڵەکانم بۆت نافڕێ

بە دەنگی پڕ له سۆزت ناوم بێنە با ڕۆحم هەڵنەوەرێ

هاواری قوڕگم وەک دەهۆڵی دەرویشی تەکیەی نزا دەژەنێ

هۆنراوەکانم بۆ تۆیە وەرە زیارەتم گوڵ لەسەر گڵکۆی شیعرم دابنێ

تۆ نازانی چەند قورسە ئازاری دووری و دابڕان

لە چۆک کەوتووم ئەوەی تێیدام نە مردنە و نە ژیان

تەمەنی گەنجیم ڕۆیشت گوڵی ژینم بوو بە خەزان

ئازار ناخی خواردم پیشەم بۆتە فرمێسک و گریان.

**2023/11/23**

(**44**)

# ماڵی دڵم

کە ڕۆیشتی وەرە بیرەوەرییەکانت بەرەوە
وەرە ڕۆحم لای خۆم نیە و بمدەرەوە
چەند دەمەوێ بەهێز بم توانام بدەوە
سەیرە هەموو یادگاریەکانت بیرچۆتەوە
گیانی من بەسە واز لەو بێباکیەت بێنە
لە بڕی ئەوە بەسە وەرە ڕۆحم دەربێنە
خەریکە دەمرم لە دووریت وا دەتوێمەوە
هەموو ساتێک ڕۆح دەدەم و بەو خەمە دەتلێمەوە
گیانی من بەسە چیتر ئازار و ئەشکەنجەم مەدە
لەگەڵ ناحەزانم هەندە کاتت بەسەر مەبە
چیتر بەڕووی نەیارانمان هەندە بە خەندە مەبە
ڕابردومان چیتر سەرلێشێواو و وێران مەکە
داهاتوومان مەکە بە سەراب چیتر هەڵەم لەگەڵ مەکە
بۆ ئەوەی بڕوات نەدۆڕێنم گفت و پەیمانێکم پێ بدە
ناڵە و ئاهی دڵم لە دایکێکی جەرگ سوتاوی نیشتیمان دەچێ
گیرفانی سۆزمان لە منداڵێکی بەرگ شڕی هەتیووێک ئەچێ
نەمامی ئەوینمان بە خوێنی دابڕانی تۆ ئاو دەدرێ
بۆیە باخی عەشقمان ڕەنگاڵە نیە خونچە ناکا وشک دەبێ
من تا ئێستا لەگەڵ خەونە تەواونەکراوەکانمان دەژیم
و تەنهایش خەریکە وا جێمدێڵێ
لەسەر شۆستەیەک وەستاوم

گەڵای پایز بە نەرمی فرمێسکەکانم دەسڕێ
خۆشبەختی تێدەپەڕی لەبەر دەما سڵاو ناکا
دەترسێ پرسیاری تۆی لێ بکرێ
بەهار خۆی کۆدەکاتەوە و ئۆغر دەکا
نەکا ساڵانەی عەشقی بۆ بکرێ
دڵم لە دەریایی ئەوینی مەنگت خەریکە خەوی لێبکەوێ
چۆن جێتبهێڵم لەناو بروسکە و هەوری باران لەشت تەڕ بێ
گەڵای زەردی پایز بێ بە ڕووتدا ڕووخسارت داپۆشێ
چۆن بڕۆم کە تۆ لە ناو گژە و بای پایز گەڵای عومرت هەڵوەرێ
نا ئازیزمماڵی دڵم کۆناکەمەوە و جێت ناهێڵم
ئەوەندە لە تاریکی ڕۆژدا ڕاهاتووم بۆیە هیچ ناترسم
لەگەڵت دەبم ڕێگای ژیانت لەگەڵ دەگرم
هەرچەندە دڵت شکاندم و ماڵی خەمت پێ ناساندم.

**2023/5/31**

(45)

## دەترسێم

نازانم دەستی کامیان ژیر بکەمەوە
پەنجەکانم لە بێ هێزی ئەلف و بێی کوردی بیرنایەتەوە
خامە خۆی ناگرێ لە دەستم نوسین وخوێندەواری بیرچۆتەوە
خەیاڵ ڕقی لێت داگرتووە لە توڕەیی جارێکتر ناگەڕێتەوە
ئیلهامی فیکر و هزرم خاڵیە لە وشە لە گرژیە خۆی دەپێچێتەوە
خەون و خۆزگەکانم هاوار دەکەن بە گوێمدا دەڵێ چیتر نامبینیتەوە
دەزانی لە چی دەترسم ئازیزم؟
دەترسێم پەنجەکان نەکەونەوە جولە
باڵی خەیاڵ بۆم نەگەڕێتەوە جارێکی کە
دەترسم لە خەوندا جارێکتر بۆم نەیەیتەوە
دەمەوێ ئەلف و بێیەکی نوێت بۆ بئافرێنم
جیاواز لە هەموو زمانێک پڕ بێ لە خەزێنەی وشەی ئەوین تا بتدوێنم
هەموو خۆشی دنیا دەکەم بەیەک چەپکە گوڵ و بۆتی دێنم
جیهانت بۆ دەکەم بە بەهەشت لە ژێر پێت دادەنێم
تا ئێستاش هەموو دەم هانات بۆ دەبەم
لەگەڵ هەر سوجدەیەک نزات بۆ دەکەم
لە هەر خەیاڵێک سەدجار خۆمت بەقوربانت دەکەم

لەگەڵ هەر ئازارێک داوای سارێژت لێ دەکەم
دەپێم بڵێ لە کوێت هێنا ئەو دڵ ڕەقیەت
بە من چی هاوار و فرمێسک و ناڵەت
خۆ من دڵی خۆم خستە بەر دەستت
هەر تۆم ویست بە هەموو خراپیەکانت
چ سودیکی هەیە فرمێسکی پەشیمانی
کە گوڵی تەمەنم هەڵوەری بە ئاسانی
لە ژێر پێت نا عەشقی تەمەن و منداڵی.

**2022/12/13**

(**46**)

## مەرگ

وەرە ئەی مەرگ لە ئامێزی
خۆتم بگرە
من لە تەمەنی خۆم تێرم لە
باوەشم بگرە
بمخە ناو تابووتی ماڵئاوایی
بە باڵی بێباکیت
هەڵم بگرە
تا بە گۆڕم دەسپێری دەستم
لێ هەڵمەگرە
وەرە ئەی مەرگ بە پشکۆی ئاگری
دۆزەخت دروستم بکە
بە کوتەکی چەکوشی ڕەقت
بکێشە بە بناغەی وجودم
تێکم بدە
ئازار بەسە دڵم بشکێنە
چیتر ڕێگام پێ مەگرە
یەخەم بەردە
ڕۆژگار خۆ تۆ بە چەکوشی ڕەشت
کێشات بەسەر پەنجەی خەیاڵم
کێشات بەسەر خانەی هەموو
ئومێد و وجودی تاڵم

به درکی بێ وەفاییت شوێن نەما
لە جەستم نەیهەژێنی
برین نەما لە لەشم لەت لەتی
نەکەی و نەیتەزێنی
شوێن پێی تۆ نەما لە ناو ڕۆح
ودڵم تا نەیتاسێنی
بەسە ئازار ماندووم هیلاکی
دەستی ڕۆژگارم
قوربانی دەستی قەدەر و دڵ
پەرێشانم
ئەی ڕۆژگار خەم نەما نەیکەی
بە میوانم
تاسەی دابران نەما نەیڕێژیە
سەر دڵ و گیانم
بە دەستە دڕندەکانت بە خەزانە
کیوەکانت
وەک پڵینگ پەلاماری تەمەنم دەدەن
بەتریشقەی هەور، بەپایزی خەزان و بارانت هێرش دەبەن
و پەلاماری هاوار و ڕۆحم دەدەن
ئەی مەرگ وەرە بە پشکۆی
دۆزەخت دروستم بکەوە
دوور لە خیانەت دوور لە
بێوەفایی سیمای ڕۆحم بدەوە
بە تەنهایی وشەکانم بە پەنجەی
خەیاڵاوی ڕستەکانم ئاشتم بکەوە.

2024/3/1

(47)

## بێ ئاگا

سەیرکە عەشقت بە چی گەیاندم
سەیرم بکە چۆن وێرانت کردم
لە بێ تۆیی چۆن لە پێ کەوتووم
خۆ من چیایەک بووم لە غروری
ئێستا وا لە ئەرز کەوتووم
چەند بێ ئاگا دڵت بردم
هەر بێ ئاگا لە قەفەزی دڵت کردم
لە زیندانی ئەبەدی ڕۆحت کۆت و بەندت کردم
هەر بێ ئاگاش وێرانت کردم
بێباکانە فرێوت دام و کاولت کردم
ماڵ وێران خۆم ئەوە چ خەمێکە لە دڵی من
نە حەکیمێ نە طەبیبێ ناکا چارەی دەردری من
خواش بەزەیی نایە بە بەسەرهات و حاڵی من
دەبێ کەی ئازاری دڵی من کۆتایی بێ
زامی تۆ برینێکە وا جەرگ و دڵم دەبڕێ
خەریکە ڕۆحم لە جەستەم بێتە دەرێ
ئێستا من جەستەیەکی بێ ڕۆحم

تۆ وات کرد خۆم و ژیان بدۆڕێنم

دە پێم بڵێ هێز و تین لە کوێ بێنم

بەسەرهاتی من ئۆقیانوسێکە

داستانی ئێمە تەنها سەرابێکە

نازانم بۆ ئازاردانی منت پێ خۆشە

وەرە با لە چاوە بێباکییەکانت هەزارەها دەرد بڕێژم

وەرە با لەبەردەمتدا خۆشەویستیت لە گۆڕ بنێژم.

**2024/3/4**

(48)

## كە گەڕایتەوە

كە گەڕایتەوە خەونەكانمت
ورد ورد خستە ناو ڕەشەبایی تووڕەییت
بە دەستی بێباكیت یەك یەك
خونچەكانی باخی عەشقمانت كۆكردەوە
وخستە ناو زبڵدانی بێ وەفایت
تۆ تەنها خەون نەبووی، هیوا و دواڕۆژ نەبووی
تۆ ڕۆحێك بووی لە جەستەیەكی شەكەت
تۆ چەتری هیوا و ئاواتێكی دووری تەمەن بووی
لە هێلانەی عاشقێكی پڕ لە دەرد و مەینەت
هاتیەوە تا بە دەستی چەپەڵی بێوەفایت
گڕ بەردەی لە خەرمانی عەشقی دڵداریت
كە مانای عەشقت نەدەزانی
بۆ هەوڵتدا و هێشتت ببم بە خۆشەویستت
برینێكی وات لە دڵ دروستكرد تا قیامەت پێی دەتلێمەوە
هەرچی خۆشی ژیان هەیە هەموویت بیربردمەوە
عەشقت یاریم پێ دەكا بە دەورم دەسوڕێتەوە
كەس نییە لێم تێ بگا و فرمێسكەكانم بسڕێتەوە
لە تەنهایی خۆمدا وا دەمرم و وەك مۆم دەتوێمەوە.

2024/3/5

(**49**)

# لێم گەڕێن

لێم گەرێن با کەس نەگرێ دەستم
با خۆم بەهێز بم بۆ خۆم هەستم
با عالەم بزانێ سەرگەردان و شێتم
نازانن ڕۆژگار و زەمەن چی پێ چێشتم
ئێوە نازانن چۆن لە پێ کەوتووم
ئازاری بێوەفایی ئەو ڕۆحی بردم
بە ڕۆژێ لێم بوو بە دڕندە و پشتی تێکردم
ئازاری بێباکی ئەو لە چۆکی کردم
لێم گەڕێن با دەردی خەفەت هەڵگرم
ئێشی زۆر قورسە خوایە بەرگە بگرم
هیچ دارێک نیە دەستی پێوە بگرم
لێم گەڕێن با بە نەرمی لە داخان بمرم
برینم قووڵە و بەو ئازارەوە دەمرم
نەتبینیم چیم کرد و چۆن بۆت جەنگام
چۆن لەخۆم ون بوم و بۆ تۆ وەستام
بچووکم مەکەوە من لە عەشقی تۆ شکام
چیایەک بووم لە غروری لەبەر دەمتا ڕووخام
ئەوەندەت لە گەورەیم کەم کردەوە
وات لێکردم خۆم لە بیر بەرمەوە
ئەوەی من دەکوژێ لەمنت بردەوە
سوێند بە عەشقت تۆڵەی خۆمت لێ دەکەمەوە

بۆت دەسەلمێنم کێ گرەوی بردەوە
نا ئازیزی دڵ
بردنەوەی عەشق بێباکی و خیانەت نیە
بردنەوە بێ وەفاییی و بێ پەیمانی نیە
ملکەچی دەستی قەدەر و ڕۆژگار نیە
براوەی عەشق وەفاداری و قوربانییە
ئەوین پیاوی دەوێ گاڵتەجاری نیە.

**2024/4/4**

(**50**)

## بڕوام نەبوو

وەرە عەشقی من وەک جاران بانگم بکە

وەرە درووستم بکەوە هاوارم بۆ بکە

با چیرۆکەمان تەواو بکەم و ڕیوایەتم بکە

ڕێگام لەگەڵ بگرە و لەو ئازارە ڕزگارم بکە

نەڵێی چارەنووس وابوو من بێ خەتام

نەفرەت لە قەدەر مەکە من هەر بەتەمام

ئەی عەشقە بێ چارەکەی من وەرە فریام

دڵ بێ تۆ ناسرەوێ کەس نایە بە هانام

ئەمشەو یاد و بیرەوەرییەکانت دەمسووتێنێ

سیمات لە چاوانمدا ون نابێ و دەمگرێنێ

فرمێسکی خوێنین لە دڵ و گیانم دەڕژێنێ

دابڕانت خەمێکە خەریکە کۆتایم پێدێنێ

کێ پێی گۆتی عەشق نەگەیشتنە و ماڵ وێرانییە

خۆت دەتووت تووڕە بوون لە بەینمان بوونی نییە

نەڵێی بێ خەتام غەدری زەمەنە بڕوام بەوە نییە

چی وای لێکردی دڵ بگۆڕی و من لە بیرخۆت ببەیتەوە

عەشقی تەمەن چۆن بە ئاسانی لە ژین دەسڕیتەوە

من هەروەک خۆمم ناگۆڕێم تۆ خۆت لە بیرچۆتەوە
تۆ خەمێکت لە دڵ دروست کرد تا ماوم پێی دەتلێمەوە
چاوەکانم تا دوا تەمەن بۆ نیگای تۆ دەتوێتەوە
بڕوام نەبوو ڕۆژێ ببی بە گریان و وەڵامم نەدەیتەوە
ببی بە ئازار و بێ ڕۆحمانە ئاوڕم لێ نەدەیتەوە
من لە ئازاری عەشقی تۆدا وەک مۆم دەتوێمەوە.

**2024/4/10**

(51)

## بەروار

خۆزگە بمتوانیبا ئەو بەروارە لە ڕۆژمێری ژیانم دەربکەم
خۆزگە خودا ئەو هێزەی پێ بدامایە
هەستت لە ناخمدا کپ کەم
ئەو ڕۆژەی کە چاوەڕوانی بووم
ببوو بە پیرۆزترینی تەمەنم
ئێستا لێی ڕادەکەم و نامەوێ ئەو بەروارە ببینم
چی شتێک لە عەشقی من پیرۆزتر بوو کە فریوتدا
کام چەکوشی زەمانە بوو ماڵی عەشقمانی تێکدا
من چیبکەم کە تۆ لەو دڵەم نەگەیشتی
ماڵی دڵم ئاسمانێک بوو لە خۆشەویستی
چی لە تۆ بکەم کە تۆ وا خۆویستی
قەدرت نەزانی کە فەرشی بەختەوەریم بۆ ڕاخستی
حەکیمان و طەبیبان وەرن بۆم بکەن چارەیە
بکەن دەرمانێ بۆ ئەو دڵەی کە سێبوری نایە
خۆزگە فیکر و بیرەوریم لە دەست دابایە
بۆ ئەوەی هەرگیز یادگارییەکانتم بەبیر نەهاتبایە
تاوەکو لە خەونیشدا تۆم نەناسیبایە
ئەگەر بیرت کردم ئاوازێکی دابڕان هەڵبژێرە
بە ئەسپایی گوێی لێ بگرە
هەرچی شیعری دابڕان و بێوەفایی هەیە
بیخوێنەوە و ڕاسپاردەی خۆتی بکە

گەر فرمێسکەکانت بۆ منە
لەبەر خاتری من بڕۆ بەر ئاوێنە و سەیری خۆت بکە
نیگای پڕ لە حەسرەتم بکە بە تارمایی
ولە ناو خەیاڵت بۆ ئەبەدی هەڵی بگرە
چەند بیانو و سکاڵا و زیان هەیە پێم بسپێرە
وەرە ئەو پەرستگایەی کە بۆم دروستکردبووی بمڕوخێنە
لەو بەروارە وەرە دەست لەسەر دڵت دابنێ
وکاتژمێری شادی و ئارامیم بوەستێنە.

**2024/5/31**

(52)

## جوانی عەشق

چەند جوانن ئەوانەی لە مانای عەشق دەگەن
چەند پیرۆزن ئەوانەی بە وشەی عەشق و مرواری
هۆنراوە لە گەردەنی وەفادا دەکەن
چەند جوانن ئەوانەی هەمیشە لە قسەکانیان دەچن
ناگۆڕێن و پەیمانەکانیان ئاراستەی هەور و باران ناکەن
ژیان جوانە لەگەڵ کەسانێ کە مانای عەشق
و گرینگی پێدان دەزانن
وەرە من مەلێکی بێ باڵم ناتوانم بفڕم
بەباڵی بێ وەفایت بمفڕێنە با لە بێ تۆیی نەمرم
بەربوونەوەشم لا جوانە ئەگەر بە دەستی تۆ بکەوم
ئاخر چۆن دەبێ عەشق کەوتن و ئازار بێ
ئاسمانی بێوەفایی لە سەری تۆدا بێ
تۆ هیوای هەڵفڕینم بووی بۆ خەریکە باڵەکانت دەشکێ
بەربوونەوەش ڕەوا دەبێ ئەگەر لەسەر شانی تۆ بێ
زامت ئازارێکە بە مەرگیش لە دڵ دەرناچێ
ئێ من چیبکەم کە تۆ لە عەشق و خۆشەویستی ناگەی
چی وای کرد لە جێی گوڵ ڕق لە یەخەت بدەی

زۆر ڕێگای دوورت بۆ بڕیم ئێستاش خۆتم لێ ون دەکەی
چی بوو گەورەتر لە عەشقی من کە قوربانی بۆ دەدەی
بە زۆر هاتیە ناو ژیانم وا ئارامیم لێ تێک دەدەی.

**2024/5/19**

(53)

# دڵم پڕە

دڵم پڕە و لە بێدەنگی خۆمدا هاوار دەکەم
لە بێ دەسەڵاتی و تەنهایی خۆمدا مەیلی گریان دەکەم
ژیان زۆر ئاڵۆز و سەخت دێنە بەر دیدەم
لە جەنجاڵی ئەو ژیانە قورسەدا وا ڕۆح دەدەم
هەموو مرۆڤەکان وەک دڕندە دێنە بەر چاوانم
تۆزقاڵێ سۆز و میهرەبانی لە ڕووی هیج کەسێکدا نابینم
هەرکەس خەریکی بەرژەوەندی خۆیەتی
لە گشت لایە پەلامار دەدەن
کەس حەز لەکەس ناکا و بەخیلی بەیەک دەبەن
چەند جوانە بە خەمی یەکتری دابین
نەک ببینە خەم و بە یەکتری خۆشبین
ژیانێک بوونی خۆشەویستی نەبێ چۆن دەبێ
ژیان لەو سەردەمەدا بۆنی بۆگەنی لێ دێ
تەنانەت لە تێڕوانینی دەریاشدا ئارامی بەدی ناکرێ
تا بەردەوام بین لە ژیان تین و هێزی دەوێ.

**2023/9/22**

(**54**)

# پێم بڵێ

له سەرابی شوێن بەجێماوەکانی پێی تۆدا وێڵم
له حەسرەت و تامەزرۆی گەڕانەوەی تۆدا دەرگاکانم جێ دێڵم
پێم بڵێ لە کام کوچە و کۆلانی ڕێگای ئەوینمان
دەستی تۆم لێ وون بوو
سەرابی جودایی تۆ لە کام ڕێگا
لێم پەیدا بوو
ئازیزی من نەکەی خۆت ڕادەستی قەدەر بکەی
با بای بێوەفایی هەڵتنەفڕێنێ
نەکەی بۆنی گوڵێکی تر بکەی
باهەناسەی حەسرەت گوڵدانی شیعرم نەشکێنێ
نەکەی خۆڵەمێشی بیرەوەریم بۆ جێبێڵی
با ئیلهامی قەسیدەم نەوەستێ
لێمگەڕێ پەیتا پەیتا بتشعرێنم
با ئەو بەسەدان چیرۆکە تەواونەکراوەی ئێمە تەمەنێک بێ
خۆ تۆ لە ترسی ونبوونی دەستەکانم بووی کەچی خۆت ڕۆیشتی
له نووسینی داستانەکەمان بووم لەکام دێری چیرۆکەکەمان لێم بێ ئاگا بووی
لەکۆتا چیرۆکەکە دەستت هەڵگرت و لێم ون بووی
کە من لە ئازاری دابڕانی تۆدام تۆش بێ مەیل و لێم زویری
خۆ ئێمە دەستی یەکترمان گرتبوو
لە مەملەکەتی چیرۆکی ئەوینمان سەمفۆنیامان دەژەنی
خۆ ئێمە لە عەرشی ئەوینمان نەرم نەرم گوڵی سورمان دەچنی
لە ژێر بارانی عەشقدا تەڕ ئەبوین و بەدەم خەندەوە گۆرانیمان دەچری
وا دەنوێنم کە هەردەم لەگەڵمی لە هەموو شوێنێک هاودەستی
بۆچی خەیاڵ بە گوێمدا دەچرپێنێ کە تۆ غەرقی بێ هەستی؟
من لە دەنگی ناڵە و هاوار و ناسینی تۆدا پەرستنم ناسی

بەدەم گریان سوجدە دەبەم بۆ خودا بۆ ئەو دڵەی کە تۆ دەپەرستی
خەیاڵ با نەبێتە دیدەی دونیایی ئەوین دەرکەوە باببی بەڕاستی
پێدەچی ئاسمان گریان و ناڵەی من نەبینێ
لەو زەمینە مەزنەدا چاوم تەنها تۆ دەبینێ
ئاوازی دەنگی دڵی تۆ سێبوری بۆ دڵم دەبارێنێ
لەئازاری بێ دەنگی تۆدا لە شوێن ئارامیەکم
زۆر دڵم پڕە ولە مەیلی گریانێکم
من لە ناو کەشتیەکی شکاوەوە جێماوم
شەپۆلی دەریا دەمتەزێنێ و جێدەهێڵێ شوێنەوارم
خۆشی دڵی منت برد و نەتخوێندەوە ئازار و فرمێسکی چاوەکانم
نامبینی کە لە تارمایی گەرمی هاتنەوەی تۆدا چەند
بێ حەوسەڵەم و وێرانم.

**2022/11/17**

**(55)**

## داستانی تۆ

تۆ ئەو تیشکەی کە ڕوناکی دەدەی بە تاریکی شەوی تەنهایی
تۆ ئەو خۆرەی ڕوناکی خۆی دەپێچێتەوە کە ڕووی تۆ دەبینی
مانگ لە سینگی هەوردا تاوێ دەسرەوێ کە دەردەکەوی
تۆ شەوق دەدەی لە چاوی پڕ لە ئەوینم بۆ ئەوەی تەنها تۆ ببینی
تۆ خەزێنەیەکی پڕ لەوشە بۆ ئیلهامی شیعرەکانم
وەک کەو ئەخوێنی
چۆن دڵت هات لە دەریا جێم بهێڵی بۆ شەپۆڵی پەشیمانی
خۆشی و شادیم سەفەری کرد لە گەنجیمەوە
تا وێستگەی کۆتایی
ئەوەی تەنها مایەوە لە ئەوینت بوو بە خۆڵەمێشی یادگاری
بۆ قسەت نەکرد بتووتبایە تا دڵم حاڵی بوایە
بتووتبایە هەتا جانتەیەک لە شیعری وەفایم بۆت ناردبایە
جیهانێ لە ئارامی دەروونم بۆت جێتهێشتایە
کە لە خۆشەویستی ناگەی نەدەبوو خۆت لە شانی من بدابایە
نیگای چاوەکانتم بیر ناچێ کە چەند پڕ لە دەردوحەسرەت بوو
داستانی من و تۆ بە سەدان چیرۆک و ئەفسانە بوو
ئەوەی کە تەنها منی شکاند عەشقی تۆ بوو
دەپێم بڵێ ئێستا تۆ لە کوێی و بۆ لێم ون بووی
لە جەنجاڵی ئەم ژیانە سەختە بۆ کوێ چووی
بگەڕێوە بەڕوناکیت دەست بە ئازارەکانم بگرە
ئاگردانی گەرمی دڵم خامۆش بکە

به پیاڵەکەی دەستت مەستم بکە
بەقەد لێدانەکانی دڵت نازم هەڵگرە
بەژمارەی تەمەنی عەشقمان گوڵ بگرە
هاواری ڕۆحم نزا و پاڕانەوەی ژوانتە
سەیرە ئازار و حەسرەتی دڵی من
بەدەستی تۆ بێ
تۆ بڵێی هەڵکەندنی دڵ لە هێلانە
ئەوەندە ئاسان بێ
ڕەنگە ڕۆیشتنی تۆ بۆ من تاقیکردنەوەیەک بێ
عەشقی تۆ گوناحێک بێ لای
خودا سزایەک بێ.

**غەردەقە 2023/11/15**

(**56**)

## خۆم و دەریا

ئەمڕۆ من و دەریا لەگەڵ یەک دەدوێن
من باسی سپڵە و بێوەفایی مرۆڤەکان
ئەویش باسی بێزاری ماسی و کەشتییەکان
دەریا گیان زامی خۆم و سەختی زەمین
بێباکی ئاسمان و مرۆڤەکان پڕن لە قین
هەر خۆم و خۆی من و دەریا
ناخی خۆمان بۆ یەک هەڵڕێژا
بێدەنگی خۆم و ڕۆحم و ئارامی دەریا
لەبەردەمدا کەوتە جولە و بوو بە سەما
سەمای ناخی من لە ناو قوڵی دەریا
هەموو ئەستێرەکانی ئاسمانی کرد بە چرا
دەریا گیان تۆ بۆ من چەند فەرامۆشی
بە تێڕوانیت بەرگی هیوام پێ دەپۆشی
لە دنیای بێباکیدا نەخشەی ئاواتم دەکێشی
بە ئەسپایی ناخی خۆزگەی دڵم دەهەژێنی
هەرچی خەم هەیە وەک پەڕەی گوڵ دەیوەرێنی
لە ناو هێلانەی بەختەوەریدا بە ئارامی دەملاوێنی

له ئەندێشەی خەیاڵدا بە ئەسپایی دەمڕاژێنی

له شەوەزەنگی تاریکییدا چرای خۆشبەختیم بۆ دادەگیرسێنی.

**2022/6/2**

(57)

## تینم نەما

دڵ شەرمەزاری دەستی ڕۆژگارت دەکا
ئەسیری دەستی قەدەرت دەکا
لە دنیایی ئەویندا غەرقی گوناحت دەکا
خاڵی لاوازیت لە ژینت دا پەیدا دەکا
کەواتە ئەوین تەنها گوناحێکە
تەنها و تەنها درۆیەک و تاوانێکە
لە دەفتەری ژیندا تەنها داخێکە
ئاخ لە دەست تۆ ئەوینی دڵ
چۆن ئاواتەکانمت خستە ژێر گڵ
هەڵوەری تەمەن وەک پەڕەی گوڵ
تینم نەما بەزەییە ئەی ژیان و ڕۆژگار
چۆک دادەدەم بۆت خوا و پەروەردگار
ئازارەکان ناخمان دەسووتێنن بێ هۆکار
دۆستەکان دەمانگرێنن زۆر بە ئازار
نییە خۆشەویستی لە ناو دڵ و ڕۆحەکان
مرۆڤەکان دڕندەن دەڕوخێنن هەستەکان
من زۆر بێ هێز و بێتوانام بەڕووی ناحەزان.

**2023/5/25**

(**58**)

# چۆن توانیت

خۆت دەتگوت تا دوا هەناسە چاوەڕێتم
سات بە سات گیرۆدەی عەشقتم
ڕۆژ بە ڕۆژ تینووی ساتێکی ژوانتم
تا دوا تەمەن شێتی تۆم و دێوانەتم
چۆن توانیت دەرگا بەڕووم دابخەی
نامەم نەخوێنیتەوە و خۆت لێم لابدەی
هەموو هەستەکانم پشتگوێ بخەی
وشەکانم دانە بە دانە لە بیر بکەی
تا ئێستاش بە خەیاڵ لەگەڵت دەژیم
بەڕووی عەشقت زەردەخەنە دەکەم
ناوت دێنم و لەگەڵ ئەوینت هەناسە دەدەم
دەزانم گرەوی عەشقت لێ بردمەوە
ئەی خوایە تاکەی ئەو ئازارە نابڕێتەوە
بۆ تەنهایی و بێدەنگی هاواری من نایەیتەوە
پێت وایە لەبەردەمتدا لەسەر چۆك دەکەوم
تەنها لای تۆ خەمی دڵم لەبیر دەکەم
من کە ئالودەی تەنهایی بم دەردی دڵم بەیان دەکەم
دەزانم هەر دەگەڕێتەوە ئەگەر باڵەکانیشت لەت لەت بکەم.

**2022/10/29**

(59)

## خەونی تەمەن

ڕۆحم ماندووی خەونێکی نەخوزراوە
عەشقت ئازارێکە دەمسووتێنێ لە گشت لاوە
من دەمێکە پۆشاکی مەرگم پۆشیووە
ئازاری دابڕانت برینی لە دڵم چنیووە
من تا ئێستاش بە هەناسە ناوت دێنم
هەموو کات لەگەڵ خۆمدا دەتدوێنم
وەرە من تا دوا هەناسە چاوەڕوانم
گەر هاتی فەرشی ڕۆحم بۆت ڕادەخەم
ئەستێرەکانی ئاسمانت بۆ دادەگرم
چرای بەختەوەری لە ماڵی عەشقمان دادەگیرسێنم
خەونی عەشقی تەمەنمان بەدی دێنم
هەرچی خۆشبەختی دنیا هەیە بۆتی دێنم
بەگیان و ڕۆح هەمیشە ناوت دەهێنم
بە چ وشەیەک هۆنراوەی عەشقت بۆ بهۆنمەوە
بە کام ڕستە جوانی هەستمت بۆ شیبکەمەوە
بوونی تۆ دووبارە بونەوەی ژیانی من و تەمەنمە
ئاسمانی عەشقمان پڕە لە ئەستێرە ئەوینت تێکەڵ بەخوێنمە
دنیا بێ تۆ پێکێکی تفت و تاڵە کۆتایی منە.

**2022/10/22**

(**60**)

## بێوەفایی تۆ

حەز دەکەم دڵ لە جەستەم دەربهێنم
لەبەر چاوت بیگرم و لەت لەتی بکەم بۆتی بێنم
ڕۆژانی ڕابردوو هەمووی لە بیربکەم تا ناوی تۆ نەهێنم
بێباکانە مۆمی خۆشەویستی تەمەنێکت خامۆش کردم
نەما خۆشیم کوژاننەوە ڕوناکی پێکەنینی شاری دەروونم
با چیتر دڵەی پاکم غەرقی گوناحی تۆ نەبێ
قوربانی دەستی ناپاکی و بێوەفایی تۆ نەبێ
یادەوەری منداڵی و تەمەنم لە هزرم دەرچێ
ئێوە نازانن چەند سکاڵام هەیە لە هەور و باران
ڕامسپارد عەشقی من لە دڵت ببارێنێ بێیەوە بەردەمم بەگریان
خۆ ئێمە خوێنمان تێکەڵ بە عەشق ببوو تا ئێسقان
دوو منداڵی بێگەرد لە دەروازەی ئەوین هاوشێوە بوو ڕۆحمان
ئێستا من لە وێستیگەی ئازار و تۆش لە دونیای هەوەسی ژیان
ئاخر چۆن دەبێ وا بە ئاسانی عەشقی من لە گۆڕ بنێی
تەمەنێک لە خۆشەویستی و بیرەوەری لە ژێر پێت دابنێی
قەسیدەی خۆشبەختیم لە دەستت وەری
بە بێدەنگیت خەیاڵی هۆنراوەم هەڵفڕی

وەک ڕەشەبای پایز پەیمانەکانت هەڵوەری

ساتانێک لە خەیاڵدا چەند جوان بووی

لە ناو دڵ و ناخمدا چەند جێگیر بووی

لە ناو حەزی ڕوحمدا تێکەڵ خوێنم بووی

زۆر بێباکانە غەرقی دەریایی بێوەفایی بووی.

**2022/11/4**

(**61**)

# بەرگی خەفەت

نازانم بۆچی ئەو شارە وا خامۆش دەبینم
ڕووناکی لە هیچ کوچە و کۆڵانێک نابینم
چەند کش و ماتە ماڵ و هێلانەی دڵم
هەرچەند دەکەم ناتوانم هەناسە هەڵمژم
نە ئەستێرە دەبینم لە ئاسمان نە شەپۆڵ لە دەریا
چرای سەر شەقامەکان هەموو بێ ڕووناکییە
شەقام بێدەنگە و گشت لایەک ڕەش پۆشییە
ئەمڕۆ شار سەرتاپا ڕەشی پۆشیوە
ئەوین و ڕۆحێک لە ناخدا مردووە
تۆزقاڵێک وەفای دوای خۆی جێ نەهێشتووە
داستانی من و تۆ چەند نامۆ کۆتایی پێ هاتووە
ئەمڕۆ مەرگ لە گشت لایە بەرەو پیلم دێ
دابڕانت ئازارێکە بێبەزەییانە ڕۆحم دەردێنێ
ئەمڕۆ بەرگی خەفەت بۆ پۆشاکی ئەبەدیم
بەدەست خۆم نییە کە گرفتاری تۆم
تۆی طەبیبی من هەر لە خەیاڵی تۆم.

**2023/9/4**

(**62**)

## وەرە

وەرە لەو جەنجاڵەی سەختی ژیان دەرم بێنە بۆ خۆتم بەرەوە
وەرە با چیتر نەیاران و شکستی و دابڕان لێمان نەباتەوە
وەرە دەستم بگرە با بە خۆشەویستی و جوانی ژیان ببەینەوە
چاوەکانم نیگا دەکەن
چەندەها نهێنی دڵت بۆ باس دەکەن
لێوەکانم بێ ئاگا ڕازی دڵت بۆ بەیان دەکەن
وەک شێت بە خەیاڵ لە دەورتا دێم و دەچم
لەبەر خۆمەوە وڕێنە دەکەم لەگەڵت دەدوێم
تۆی بێ ئاگاش لێم تێناگەی
بێباکانە لەبەر چاومدا ڕادەکەی
بە ئاسانی دەڕۆیی و لە بیرم دەکەی
بیرەوەری چەندین ساڵەی عەشقمان پشتگوێ دەخەی.

**2023/8/4** **نەرویج/بێرگن**

(63)

# عەشقی منداڵی

هەناسەی ساردی بێ تۆیی لەسەرخۆ دەمخنکێنێ
پەڕەی گوڵی تەمەنم وردە وردە دەوەرێنێ
هەست دەکەم ڕۆحم لە جەستەدا دەردێنێ
دووریت ئازارێکە بە هێواشی دەمسووتێنێ
گەڵای داری خۆزگەی دڵم هەڵدەوەرێنێ
لە شەوە زەنگی تەنهایدا دەمڕوخێنێ
چیتر لە بێیاکی خۆتدا مەمتەزێنە
چیتر ڕقت لە ڕووی عەشقمدا مەبارێنە
وەرە تەنهام مەکە لە هێلانەی دڵت بملاوێنە
ئەی نەسیمی سەر لە بەیانی تەمەنم
ئەی جوانترین خەیاڵ و خەونم
عەشقی منداڵی و خۆزگەی دڵم
خەیاڵ و خەونی تۆ غەرقی گوناحی کردم
بە بێ دەنگی لە دەفتەری ناپاکیدا تۆماری کردم
بە ئەسپایی ڕادەستی دۆزەخت کردم.

**2022/5/12**

(**64**)

## بڕۆ لە دڵم

چۆن دڵت هات تەنهام بکەی
و بەجێم بێڵی
لەو سەرابە خۆتم لێ ون بکەی
وکێڵگەی دڵم بکێڵی
چەند دەمەوێ ڕقم لێت بێ
ولە بیرت بکەم
کۆتا بێنم بە عەشقت ئەو
پەرتووکە دابخەم
سەرم لێشێواوە و خۆشم نازانم
چی دەکەم
ئەو چیرۆکە تەواو نەکراوەی
ئێمە چۆن تەواو بکەم
بەسەرهاتی عەشقی من و تۆ
ئەوەندە چڕە ناکرێ
ئەوینی تۆ ئەوەندە لە ناخم
قوڵە و فرێونادرێ
بەسە وازم لێ بینە و لە ناو ڕۆحم

دەرچوو دڵم بەرگە ناگرێ

هێزم نەما و ئۆقرە ناگرم

ئەو بێباکیەت خەریکە دەمکوژێ

بڕۆ لە دڵم کۆڵی بێوەفایت

هەڵگرە و دەرچوو لە ناخم

هەستم تێکەڵت بووە ڕۆحت بردم

من جەستەیەکی بێ گیانم

لە تاوی تۆ ڕۆح دەدەم

هیچ خۆشی بەدی ناکەم لە ژینم

سەرم سوڕماوە لێت چۆن توانیت

تەنهام بکەی لە ئەوینم

شوێنەوارت لە دڵم جێبهێلی

تا ئێستاش لە دڵ دەتلاوێنم

نزا دەکەم لای خودا هاواردەکەم

بە هەموو هێز و تینم

حەقی منت لێ بکاتەوە

و چیتر بە هەناسە ناوت ناهێنم

ئەو دڵەی کە تۆی تێدا بێت

لە ڕیشەوە دەریدێنم.

**2023/11/25**

(**65**)

## بیرت دەكەم

بیرت دەكەم بەقەد گەورەیی ئاسمانی دڵی ڕەقت
یادت دەكەم بەقەد قەبارەی بێوەفایی و ڕقت
خۆزگە دەمتوانی ئەوینت بخەمە ناو زبڵدانی بێوفایت
مێژووی عەشقمان بنێمە ناو داستانی بێباكیت
چی وایكرد لە چێی میهرەبانی زوڵم ستەم بكەیت
برێنێ دروست بكەی لە بڕی سارێژی بكەیت
تیر ئەدەی لە دڵ و گیانم لە خوێندا غەرقم دەكەیت
دە پێم بڵێ ئەو هەڵە گەورانە بۆ دەكەیت
بۆچی لەگەڵ ئەوینی خۆشتدا دوژمنیت
دڵنیام لە هێلانەی دڵتدا نەماوم
بە ڕەقی دڵ و ناختدا دەزانم
لە بێ بەڵێنی و بێوەفایتدا پەشۆكاوم
كەی بێوەفایی لە ئاسمانی ئێمەدا هەبوو
قین و تۆڵە كوا لە خۆشەویستیمان بوونی هەبوو
پەیمانی عەشقمان ناوی بێوەفایی نەبوو
جیهانی ئەوین چاوەڕوانی كتێبی عەشقی تەمەن بوو
ژیلەمۆی بێباكیت ئەوینی سووتاند و لە گۆڕی نا
منیشی كرد بە خۆڵەمێش بێبەزەییانە لە ژێر پێتی نا.

**2022/8/29**

(66)

## خۆشمدەوێی

خۆشمدەوێی بەقەد هەموو دەریای کیشوەرەکان
زێدە لە هەموو داستانی ئاشقەکان
بە ئەندازەی هەموو حەز و خۆزگەی دڵەکان
عەشقت لە جیهانی ئەوین نوقمی تاوانم دەکا
لە ئەندێشەی خەیاڵ غەرقی گوناحم دەکا
لە بێ تۆیی بەرەو کۆتایی هاتم وەرە زیندووم بکەوە
با تاڵی شەو چیتر ڕۆحم نەپۆشێ ببە ڕۆژی من سپێدەم بە
ببە بە خۆری هیوای ژیانم ئومێد و هێزم پێ ببەخشە
ئەو بێدەنگیەت بشکێنە بە دەنگ هاوارم وەرە
لە کام کوچە و هێلانەی ڕەشبینی خۆت حەشارداوە
بۆ دەرگای بەختەوەری وا بە ڕوومان داخراوە
من عاشق بووم بۆیە لە ئەوینتم بووم بە کۆیلە
تۆ نازانی عاشق بوون خراپترین کۆیلە بوونە
منم نهێنی ڕۆحی بەهار و بۆنی نێرگز وبروسکەی باران
دیمەنێکم پڕ لە نهێنی چرپەیەکم لە نێو گەڵای سەوزی دارستان
وەک گۆرانیەکی خامۆش دەچرپێنی لە ناو ڕۆحم بە یادی عەشقمان
چاوەکانت نهێنی زێی گەورە ڕەنگدانەوەی چیرۆکەکەمان
لە نیگاکانت دەدرەوشێتەوە وشەی نادیار و نەبیستراوەکان
خەندەکانت لە شنەی با دەچێ لە نێو گەڵا چنارەکان
ئاواز و سەمفۆنیایی دەنگت دەرژێ بە نێو چیرۆکە کۆنەکان
لە ڕوخسارت ئاسمانێ دەبینم لە خەون و گڕی هیوا

وده‌رکه‌وتنی خۆری به‌ره‌به‌یان
هه‌نگاوه‌کانت بۆ لام سه‌ما ده‌که‌ن که ده‌رده‌که‌وی
خۆر تاوێ ده‌سره‌وێ له‌سینگی ئاسمان
له‌گه‌ڵ هه‌ر خه‌نده‌یه‌کت هۆنراوه‌یه‌کت بۆ ده‌هۆنمه‌وه
ده‌یکه‌مه مرواری بۆ گه‌رده‌نی شکۆی عه‌شقمان
له‌گه‌ڵ هه‌ر ناڵه و ئاهێکت تابلۆیه‌کت بۆ ده‌نه‌خشێنم
به ڕه‌نگی سور بۆ هێمای باڵای به‌رزی ئه‌وینمان
هه‌نگاوه‌کانی ژیانم هه‌ر بۆلای تۆ دێ
ناخ و خۆزگه‌ی ڕۆحم هه‌ر تۆی ده‌وێ
وشه و هۆنراوه‌کانم هه‌ر بۆ تۆ ده‌دوێ
خۆشه‌ویستیت ئازارێکه و ده‌رناچێ له ڕۆحم
نازانم چۆن هاتیته ناو هێلانه‌ی دڵم
تۆ نازانی چۆن گیرۆده‌ی ده‌ستی تۆ بوویم
ئه‌وه چ غه‌مێکه له ئامێزی تۆدا به‌ند بوویم.

**2022/7/22**

(**67**)

## دڵبەرد

ئەگەر بە ئازاربوونی من دڵخۆش دەبی
وەرە بە ئەندازەی تووڕەی ناخت ڕەشەبای
خەفەت بەسەرم دا ببارێنە
هەرچی خەمی ئەو گەردوونە هەیە
بیکە بە دڵۆپێک و بۆم بهێنە
گەڵای عومری تەمەنم
بکە بە خەزان و بموەرێنە
ئەگەر بە فرمێسک ڕژانی من خەندەبار دەبی
وەرە گلێنەی چاوم دەربهێنە
بیکە بەهەور و بە تینی بروسکەی دڵی ڕەقت
بەخوڕ بەسەرمندا ببارێنە
دڵنیابە نە دەستت دەگرم و ڕێگریت لێ دەکەم
نە نزات لای خودا لێ دەکەم
نە بەرگری لە خۆم دەکەم
باش دەزانم هیچ یاسایەک بەرگری لە گەمژەکان ناکا
یەزدانیش بەزەیی بە دڵپاک و نەزانەکان نایا
عەشق لەو سەردەمەدا تەنها ڕیسوات دەکا
وەرە فێرە بێ وەفایی فریودانم بکە
لێت دەپاڕێمەوە تۆزێ ئەو دڵە ڕەقەتم پێبدە
وەرە دڵە نەرمەکەم لە ژێر پێتدا لەت لەت بکە
دڵنیام ئەوەی کە لە سینگتە دڵ نییە بەردە

ئەوەی من هەمە دڵپاکی نییە گەمژەییە
لەو سەردەمەدا عەشقی پاک وجود و بوونی نییە
هەور و ئەستێرە و ئاسمان
دەریا و زەریا هاتنە زمان
باسی بێ وەفایی تۆ دەکەن
کەسێ لێت حاڵی نابێ بێ ویژدان.

**2023/5/12**

(68)

## بۆ ئازیزم

باش دەزانم لە ونبوونم ناترسی
باکت نییە و هەرگیز لێمناپرسی
ڕۆژێ دێ بێدەنگی من دەتتەزێنی
جارێکتر سەدا و دەنگم نابیستی
بۆ ئازیزم خۆ من بە ئاشنای خیانەت بووم لەبەر خاتری تۆ
لە بۆ مانەوەی تۆ بووم بە دۆسترینی درۆ
چۆن وا بە ئاسانی لە بیرم دەکەی پێم دەڵێی بڕۆ
قسە و نامەکانت یەک یەک دێنە بن گوێم
لە دڵ خۆشیا گەمژانە زەردەخەنە دەکەم
ئەی بە ئازارترین کائینی ڕووی زەمین
تاکەی جێمدێلی و دڵم دەکەی خەمین
خۆ تۆ هەر نیشتەجێی لە ناو دڵ و سین
دڵم زۆر پڕە لێت پڕە لە گلەیی
چیبکەم کە تۆ باکت نییە و پێی نازانی
نازانم چی وا تۆی گۆڕی
بووی بە دڕندەترین کائینی سەر زەوی
من تا ئێستاش بە هەناسە ناوت دێنم

سەرم گێژی هەزار خەیاڵە و لەبەر خۆمەوە دەتدوێنم

چەند ویستم لە عەشقی تۆدا نەشکێم

چی لەو دڵەم بکەم ماڵ وێران خۆم

ئێستا لە کوێیە سۆمای چاوەکانم

کە تۆ بێباکانە لە خۆت تێپەڕاندم

دەبمە تۆبەکار بۆ ئەوەی جارێکە عەشقت نەدۆڕێنم.

**2023/7/17**

(69)

# پیرۆزە

پیرۆزە ئازیزی دڵ بۆ بەدەستهێنانی باشترین ئەکتەر
لە نمایشی فلیمێکی دوور لە ڕاستی و پڕ لە دەردەسەر
چەند جوانە سروشتی ڕۆژگار و قەدەر
کە بەتۆی نەگەیاندم و لەگەڵت بم هەتا سەر
پیرۆزە بە وەرگرتنی خەڵاتی زێڕین
کە بووی بە بێباکترین بونەوەر
بە بەدەست هێنانی بێوەفاترین مرۆڤ بووی بە سەروەر
چیتر بە باڵی خەیاڵ ناڵێم کە خەونەکانمان بەدی بێنێ
بە تریفەی مانگە شەو دەڵێم هەواڵی تۆم بۆ نەهێنێ
ئاسمان ڕادەسپێرم نەکا لەگەڵ هەوردا تۆم بۆ بێنێ
عەشقت بوو بە خۆڵەمێش لە زبڵدانی بێباکیتدا خۆی دەڕژێنێ.

**2022/9/4**

(**70**)

## مەنوسە بۆم

مەنوسە بۆم با پەنجەکانت ئازار نەکێشێ
بیرم لێمەکەوە با خەونەکانت نەزڕێ
کاتم پێمەدە با ڕۆژت بە من نەفەوتێ
سەیرم مەکە با چاوەکانت لێت نەڕەنجێ
نەکەی ئازاری پەنجەکانت بدەی
نەکەی نیگات لە نیگام بدەی
نەکەی بیری یادگارییەکانم بکەی
نەکەی گوڵی ئاشتبوونەوەم پێ بدەی
نا نا ئازیزی دڵ نەکەی
نەکەی دان بە هەڵەکانت دابنێی
نەکەی فرمێسکی پەشیمانیم بۆ ببارێنی
ئومێد بڕ و بێ هیوام بکە
خەونەکانم لەت لەت بکە
لە بێدەنگیت بەئەسپایی بمخنکێنە
لە ئاسمانی عەشقت بێ ئەستێرەم بکە
لە دەریایی بێوەفایت نوقمی ئەوینم کە
لەو دوورەوە هەستت پێ دەکەم کە ئازار دەکێشی

لە نامەی ماڵئاوایم دەترسای کەچی خۆت ڕۆیشتی

دەتسپێرم بەو خودایەی کە بەمنی نەسپاردی.

**2022/7/19**

(71)

## جوانترین داهێنم

لەبەردەم نیگای پڕ لە سۆزی تۆدا دەڕوانم
هێدی هێدی دێنە دی خەونەکانم
یەکەم خۆشی دڵم بووی ڕووناکی چاوەکانم
ناسنامەی دایکایەتیت پێ بەخشیم فریشتەی ژیانم
لە بەردەم تاسەی جوانی تۆدا چۆک دادەنوێنم
نزا دەکەم لە خودا و هانای بۆ دەهێنم
لە ژین بەختەوەر بی تۆ ئەی جوانترین داهێنم
لە ڕێگای پڕ هیوات دەوەستم و گوڵت بۆ دێنم
بە هیوا و ئاواتی خۆت بگەی خونچەی باخی ژینم.

(**72**)

## زۆر دەترسم

نازانم بۆ ترس هەموو گیانی داگرتووم
بە ترس چاوەڕێی ڕۆژی عەشق دەکەم
و خەم یەخەی گرتووم
زۆر دەترسم نامەوێ ببێ بە بەیانی
دڵنیام موژدەی خۆشیم بۆ ناهێنی
بەدی ناهێنی پەیمان و دڵ دەرەنجێنی
ئەمجارە گوڵی سوور لە باخی عەشقمان ناڕوێنی
نا دڵی من نەکەی وا بکەی
هەڵەی وام لەگەڵ نەکەی
نەکەی ببی بە یادگاریەکی ناخۆش
نەکەی ببی بە خۆڵەمێش
نەکەی ببی بە تاسێکی بەجۆش
نەکەی ئومێد بڕم بکەی
نەکەی خەونی تەمەنم ورد ورد بکەی
سوێند بخۆ بە عەشقم کە لە جاران زیاتر عەشقی منی
لە هەموو تەمەنت چاوەڕوانی نیگایەکی منی
وەرە با باڵی ئەشقمان لێک بدەین

پەیمانی پێکەوە بونمان نوێتر بکەین
وەرە بەڵێن بدە ببی بە هەناسە بە سێبەر
ببە بە هەتاو بە ڕووناکی و چرا ببە بە چەتر
ببە بە خۆری بێئاوابوون لە ژین و بوونم
ببە کۆتری ئاشتی لە ئاسمانی ژینم.

**2022/5/30**

(73)

## ڕۆژی بوونت

ڕۆژی بوونت پیرۆز دەکەم هەناسەکەم
تا ئێستاش ناوت دێنم بە عەشقەکەم
ئەگەر بێی گلێنەی چاوم بۆ دادەگیرسێنم
دڵ و ڕۆحم دەکەمە دیاری بۆتی دێنم
لە شەوە زەنگی تەنهایتدا چرای دڵمت بۆ پێدەکەم
مۆمی تەمەنت لەگەڵ دەکوژێنمەوە بە هەناسە بانگت دەکەم
هەر تۆی هێلانەی دڵم عەشقە شێتەکەم
وەرە با فەرشی بەختەوەری و ڕۆحم بۆ ڕابخەم
دەزانم تۆش لەو جودابیە زۆر دڵتەنگیت
ڕۆیشت نووری دوو دیدەم دوای ڕۆیشتنت
لێم ببورە ساتانێک کە ئازارم دابیت
بیرکردنێک بیرتدەکەم
لە ناخی دڵمەوە هاوارت بۆ دەکەم
بیری دەنگی پڕ لە سۆزت دەکەم
یادی پێکەنین و خەندەت دەکەم
تامەزرۆی نیگای پڕ لە ئارامتم.

**2023/1/17**

(**74**)

## بۆ ژینای جوانەمەرگ

هاواری تۆ لە ژێر دەستی جەلادەکان دنیای هەژاند
مەرگت بوو بە کۆستێک و بێدەنگی هەموو دڵەکانی پچڕاند
هەرچی حەسرەت و قین هەیە لە ناخەکان درکاند
خۆ تۆ نە گوناحێک بووی و نە کفر و نە تاوان
قوربانییەک بووی لە دەست یاساکانی نەیاران
دڵنیابە ژینای قەشەنگ و نازدار و جوان
دەبی بە شۆڕشێک بۆ تێکدانی نا یاساکانی ژنان
بەسەرهاتت تۆمار دەکرێ لە پەڕتووکی ژیان
ئەو زوڵفە خاوەی کە بۆ کفر لە چاوی پاسداران
بیکەن بە موتفەرک بینێن لە ملی جەلادان.

**2022/9/22**

(**75**)

## دیدەی من

لەناو قوڵایی ئەندێشەی خەیاڵم
لەگەڵت دەدوێم
لە لوتکەی ئیلهامی شیعرەکانم
وا خەریکە لێت دادەبڕێم
لەگەڵ ئەو هەموو دڵتەنگیەوە
کەچی هەر بەدوایی شوێن پێی تۆدا دێم
من دەریاییەک بووم لە خەندە و پێکەنین
ئاسمانێک بووم لە غروری و هێز و تین
ئێستاش وەرە بمبینە کە چۆن پێکانم لەچۆک کەوتین
نامەوێ عەشقت لە ناو ڕۆحم کاڵ بێتەوە
با چیرۆک و پەرتووکی عەشقمان پێکەوە بنوسینەوە
دارێ نیە دەستی پێوە بگرم هەر تۆ هەڵمدەسێنیتەوە
من کە دیدەنم بە واتا و مانای بینین
غەیری تۆ هیچ کەس نابینم لە ژین
بووم بە نابینا لە دنیایی جوانی ئەوین
دیدەنی هەمیشەیم بە با پێکەوە بمێنین.

ستۆکهۆڵم **2025/1/27**

(**76**)

## ئەگەر ئەمجارە هاتی

ئەگەر ئەمجارە هاتی پیاسەیەک
بەناو کۆڵانی شیعرەکانم بکە
درەختی قەسیدەکانم بکەوە
گەڵای وشەکانم پەڕ پەڕ هەڵدەوە
سەرنج بدە لەهەر گەڵایەک یادێک
بەپەنجەی بێنازی وشەکانم ناوی تۆم هەڵچنیوە
سەردانێکی کەزی پرچی شیعرەکانم بکە
بسکی ئاڵۆزاویم بگرە بەشانەی دڵت قژی وشەکانم دابهێنە
تاڵ تاڵ نهێنی وشەی نەبیستراوی کەزیەکان بکەوە
هەموو تاڵێکی پرچی ژاکاوم ڕەنگی تۆی هەڵگرتووە
هێدی هێدی وەرە ناو مۆزەخانەی بیرەوەریم
لەهەر هۆدەیەک تابلۆیەک تێکەڵ بە چیرۆکێک
لە هەر ڕەنگێک داستانێک لەدیواری ڕۆحم هەڵواسراوە
بچۆ ناو گلێنەی چاوەکانم
بەچاویلکەی تەمەنت سەرنج بدە
کە چۆن نیگاکانم بۆتۆ دەدوێن
پڕن لەوتەی نەوتراو کە تائێستا نەبیستراوە

بۆنی فرمێسکەکانم بکە کە چۆن
لە بۆنی تۆ قەتیس ماوە شاری
دیدەم بێ چرا ڕوناکی لێ خامۆشکراوە
ئەگەر هاتی پێکی شیعرت بۆ دەکەم بە میوانی ژوانت
قەسیدەیەکت بۆ دەنوسم کە بۆ هیچ کەسێک
نەنوسراوە و نەووتراوە.

**2025/5/18**

## (77)

# باڵی خەم

پەنجەکانم لە بێ تۆیی قەڵەم ناگرێ

وشەکانم وشکبوون لە خۆ دەگرێ

باڵی خەم بەسەر ڕۆحمدا دەپۆشێ

هەناسەی سارد لە سییەکانم دێ و دەچێ

ڕۆحم بەدوای ڕۆحتدا دەگەڕێ

قاچەکانم بەدوای شوێنی تۆدا دەچێ

ئەمشەو لەبەردەمتدا وەک مۆم دەتوێمەوە

لە حەسرەتی تۆدا خوێن لە جەرگ و دڵم دەتکێتەوە

دەنگی پڕ لە ئەوین و سۆزت بە گوێمدا دەزرنگێتەوە

چەند نەزانانە بەدوایی عەشقێکی مردوودا دەشکێمەوە

لە بێباکی تۆدا باجی عەشقێکی شێتانە دەدەمەوە

دڵنیابە ڕۆژگار لێت خۆش نابێ و حەقی منت لێ دەستێنێتەوە

**2022/8/20**

# (78)

## بێدەنگی من

من کە پڕم لە بێدەنگی هاواری من لە هاژە و شەپۆلی دەریادایە
منم کە وێڵی تۆم لە هەموو سوچێکی ئەم دنیایە
سەیر بکە ڕۆژگاری من چۆن لەدەستی تۆدایە
سەیر بکە بێدەنگی من چۆن درێژەی بە شەودایە
من کە لەسەنگەری نزای تۆ دام نازانم قیبلە ڕووی لە کوێیە
تەنها ئومێدی دیداری ئەوینی تۆ وەڵامی منی پێیە
فەقەت لەگەڵ تۆدا بیانوو و بەهانەیەکم هەیە
خۆشی من لەو دنیایە ئەو ساتە ئارامیەیە کە لە باوەشی تۆیە
سەیربکە زەوی چۆن بەدەورتدا دەسوڕێتەوە
ڕۆژ ئەو ساتە دەست پێدەکا کە چاوەکانت بۆم دەکەیتەوە
شەوی تاڵی من ئەو کاتەیە کە خۆت ون دەکەیت و لێم دووردەکەویتەوە
هەستێک و نورێک لە دڵمدا هەیە کە پێم دەڵێ تۆ بۆم دەگەڕێیتەوە.

**2024/10/13**

(**79**)

# تەنهایی ڕۆح

ئای تەنهایی ڕۆح چۆن بووی بە هاوڕێی ئەبەدیم
چۆن بوی بە میوانی هەتا هەتایە و هەمیشەیم
تەنهایی ئەوەندە ئاشنات بووم ئێستا هەر تۆی هۆگریم
سوێندت بێ بە بڕوام هەر تۆی جێگایی متمانەیم
هەر تۆی جێمناهێڵی و لەگەڵمی تا لێواری مەرگ و کۆتایم
چەند بە ئەسپایی دەمگەڕێنی بە ناو ئەندێشەی خەیاڵی خەونەکانم
کە برینی خەنجەری نزیکەکان بوون بە پۆشاکی ئەبەدی ژیانم
باڵی خەیاڵ دەستم دەگرێ دەمگەێنێ بە ئازیزای دڵانم
مەستم دەکا لە بیرم دەکا گشت ئازاری دوژمن و دۆستانم
وەرە ئەندێشەی خەیاڵی ماندووم مەرهەمێ بکە بە سەر برینی قوڵم
ببە بە ڕووناکی تیشک بدە بدرێنە پەردەی شەوی تاڵم
زیندووم بکەوە ڕۆحم بدەوە بە هەستم با بێبەش نەبم لە خەیاڵم
لە یادت بێ ئازار بوی بە قەڵغانی بەڵا بۆ دڵی من
چیتر بە تاڵی شەوم مەسپێرە ببە بە خۆر
بۆ هەڵاتنی سپێدەی من
وەفایی یاریەکە ژیان بازاڕێکی شلەژاوە لە دیدی من
با نەمرێ ئەوەی دەیویست ببینێ فرمێسک و گریانی من
لە جێگەی ماڵی خۆشەویستی زیندانی کردە هێلانەی دڵی من
تەنهایی ڕۆح هەموو شەوێ دێ خۆی دەکا بە باوەشی من
خەم بۆتە پۆشاکم و ناهێڵێ خەندە بێتەوە سەر لێوەکانی من.

**2024/10/10**

# کۆتایی

# ژیاننامە نووسەر:



ناوم دیدەن سەید برایم سەید سەعیدە، لە شاری کۆیە لە گەڕەکی سەرباغ لە دایکبووم، هەر لە منداڵییەوە زۆر ئارەزووی خوێندن و نووسینم هەبوو ، بۆیە لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە چومەتە بەر خوێندن و قوتابخانەی سەرەتایم لە مەکتەبی سۆلاف تەواوکردووە و دواناوەندیم لە مەکتەبی آنتصار و قۆناغی ئامادەییم لە ئامادەیی کچان تەواو کردووە، لە تەمەنی 17 ساڵی چومەتە زانکۆ و کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی بە نمرەیەکی باش بە پلەی (دە یەکەمەکان) لە زانکۆی موسڵ تەواو کردووە. زۆر ئارەزووی خوێندنی ماجستێر بووم بەڵام باوکم ڕێگری لێ کردم چونکە ئەو کاتە دەبوایە ئیمزای حزبیت هەبوایە بۆ خوێندنی ماستەر بۆیە نەمتوانی بەردەوام بم، ساڵی 1993 هاوسەرگیرم کرد و لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووم هەر لەوێ درێژەم بە خوێندن دا و توانیم بڕوانامەی ماستەر لە بواری کۆمەڵناسی تەواو بکەم، پاشان ئارەزووی خوێندنی بەشی پەروەردەیم کرد بۆیە دووبارە چوومەتە زانکۆ بۆ خوێندنی بەشی پەروەردەی لە زانکۆی ستۆکهۆڵم بە شانازیەوە بە سەرکوتوویی

بڕوانامەی مامۆستایەتیم وەرگرت. ئێستاش مامۆستام لە شاری ستۆکهۆڵم خاوەنی 3 منداڵی جوانم 2 کچ و کوڕێک بە ناوی (داهێن، داڤین، دیڤان) لە غوربەت و لە هەستی دابڕانی خاک و نیشتیمان زیاتر و زیاتر سۆزی نیشتیمان و شارەکەم گڕی دەدا لە دڵ و گیانم هەر ئەو هەستە پڕ لە حەسرەتە بوو کە بیربکەمەوە چۆن بتوانم لەو دووریەوە خزمەتی شارەکەم بکەم بۆیە لە ساڵی 2018گروپێکی ژنانم دروست کرد بە ناوی (گروپی خانمانی کۆیە) کە تەنها سەر بە خانمانی کۆیەیە لە سوید ئامانجی گروپەکەمان کارکردنە بۆ زیندوکردنەوەی کەلتوری ڕەسەنایەتی کوردەواری کۆیە و ئاشناکردن و ناساندنی بە کەلتورەکانی شارەکانی تر. پەیامی گروپەکەمان خوشکایەتی و تەبایەتیە لە وڵاتی غەریبی و غوربەت. ساڵانە چەندین چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەین. یەکێ لە ئامانجی گروپەکەمان کۆمەک کردنی هەژارانی کۆیەیە بۆیە هەر لەو ساڵە گروپێکی سەربەخۆم کردەوە بە ناوی (گروپی خێرخوازی) کە چەندین ساڵە توانیمانە یارمەتی هەزاران خێزان بدەین و وە هەروەها چارەسەری چەندەها نەخۆش بخەینە ئەستۆی خۆمان. هەتا ئێستا هەردوو گروپەکە بەردەوامە و بە هەموو شێوەیەک خزمەتی شارەکەمان دەکەین ئەمەش بە هاوبەشی و هاوکاری خانمە دڵسۆزەکانی کۆیەیە کە هەمیشە هاودەست و هاوڕا و پاڵپشتمن.